گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper19

ڕێـکـەوتـی وەرگـرتـن: 2024/07/31
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 2024/07/31
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە:29 /2025/04

# بەریەککەوتنی میدیاکان: مۆدێلەکانی گونجاندنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەگەڵ پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان

**کۆڤان حسین سعدو [1] - ابتسام اسماعیل قادر [2]**
[1+2] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Ebtisam.qadr@univsul.edu.iq - Kovan.saado@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکی زانستییە بۆ ڕاڤەکردنی گەشەسەندنی میدیایی و کێبڕکێ نێوان ئامرازە میدیاییەکان لە ژینگەی نوێی میدیادا. ژینگەیەک کە تیایدا توخمە میدیاییەکان لە لایەکەوە پشت بە تەکنیک و ناوەڕۆکی یەکتری دەبەستن؛ لە لایەکی دیکەشەوە لە کێبڕکێیەکی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان ژینگەی میدیایی. لەم نێوەندەدا، ئەو ڕێکارانە چین کە تەلەفزیۆن دەگرێتەبەر بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ کێبڕکێی توخمە میدیاییەکاندا؟ چۆن سود لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان وەردەگرێت بۆ بڵاوکردنەوە بەرنامەکانی، ئایا پەنابردن بۆ پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بژاردەیەکی ناچارییە یاخود میتۆدێکە بۆ بەدەستهێنانی وەرگری زیاتر.

ڕێکارەکانی خۆگونجاندنی تەلەفزیۆن لەگەڵ ئامرازە میدیاییەکانی تر لە سەردەمی **میدیائاوێزان**دا لەسەر دو ئاستدا بەرجەستە دەبێت: یەکەم میدیائاوێزان لەسەر بنەمایی ناوەڕۆک؛ پرۆسەی گۆڕاندنی فۆرم و ناوەڕۆکی میدیایەک گونجاندنی بە بەرگی میدیایەکی تر. دوەم میدیائاوێزان لەسەر بنەمایی ئامراز: پرۆسەی ئاڵوگۆڕ و دەستاودەستکردنی ناوەڕۆک لە نێوان ئامرازە میدیاییەکاندا بە هەمان فۆرم و ناوەڕۆکەوە. بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی تەلەفزیۆن لەسەر پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان تێمای ئەم توێژینەوەیە، کە بە میتۆدی توێژینەوەی نمونەیی Case study، شیکاری ناوەڕۆک بۆ بەرنامەکانی کەناڵی کوردسات دەکات لە ماوەی ٢١ ساڵی ڕابردودا. توێژینەوەکە دەگات بەو ئەنجامەی کە لەگەڵ سەرهەڵدانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کەناڵی تەلەفزیۆنییە کوردییەکان پەیتاپەیتا خۆیان لەگەڵ ژینگەکەدا گونجاندوە و پەیڕەوی سیستەمی فرەپەنجەریی دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانیان لە پلاتفۆرمەکانی تر، ئەمەش وایکردوە تەلەفزیۆن لە هەندێ دۆخدا شوێنپێی توخمە میدیاییە نوێیەکان بکەوێت سود لە بەشێک لە تایبەتمەندییەکانیان وەرگرێت.

**کلیلە وشەکان:**گەشەسەندنی میدیایی، میدیا ئاوێزان، بەرنامەی تەلەفزیۆنی، پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان.

# Media encounters: Models of TV program adaptation to digital platforms

**Kovan Hussein Saado[1] - Ebtisam Ismaeil Qadr[2]**

[1+2]Department of Media, College of Humanitarian, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region of Iraq

**Abstract:**

This paper aims to articulate the media evolution on how the old media species compete with new ones to adapt to the new conditions of the media ecology, in an ecosystem, when new media species emerge, old species try to adopt to the new paradigm. In this case, how Television deals with the new media environment? What are the main methods that television has to deal with to adopt to the new condition of media environments? in what ways, television has to alter programming and distribution strategies and practices to follow the new media species characteristics. The Television adaptation in the age intermediality present on two distinctive approaches; first intermediality operates as a fundamental condition or category between mediums, while the second approaches as a category of specific individual media products. As one the scientific attempts in the field of theorizing the media ecology, this paper, thematically deals on Television adaptation to other media platforms, as a case study it analyzes the tv program of Kurdsat channel during the past two decades. The paper concludes that with emergence a new communication and media platform such as VOD, and social media platforms etc., Kurdish Televisions tries to adopt with news screens (digital TV, Tablet and mobile phone) by developing new windows of transmedia and somehow imitating the characteristics new media species.

**Keywords**: Media evolution, intermediality, Tv Programme, digital platforms

## پێشەکی:

هیچ ئۆنتۆلۆژیایەك[1] لەبارەی سروشتی تەلەفزیۆن فەراهەم نییە. توێژینەوەکانی بواری تەلەفزیۆن یان وەرگرسەنتەرگەران یاخود لە دیدیگایەکی ڕەخنەی کولتورییەوە شیکاری بۆ کۆمەڵێك بەرنامەی دیاریکراوە دەکەن بۆ خستنەڕوی کاریگەرییەکانیان لەسەر توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا. ئەو توێژینەوانەش کە لە دەرەوەی ئەو دو مژارە کراون، تەنها کاریگەری گۆڕانکارییە تەکنەلوژیاییەکان لەسەر تەلەفزیۆن دەخەنەڕو؛ وەك لە توێژنەوە بۆ ژینگەیەکی فرەکەناڵ(Syvertsen,2003)، لە ئامرازێکی کۆمەڵەوە بۆ ئامرازێکی کەسی (Katz&Scannell,2009) لە ئەنالۆگەوە بۆ دیجیتاڵ((Jenkins 2006; Sinclair&Turner,2004، لە نیشتیمانییەوە بۆ گلۆباڵی (Curtain,2004; Waisbord,2004) لە بەرنامەدانەر بۆ بەرنامە بەپێی خواست[2] (Uric-chio,2004). بەڵام ئەگەر پێداچونەوەیەک بە مێژو، و هەگبەی توێژینەوەکانی بواری تەلەفزیۆن بکرێت؛ تێبینی ئەوە دەکرێت کە کەمترین توێژینەوە لەسەر گەشەسەندنی ناوەڕۆکی تەلەفزیۆن کراون. زۆربەی هەوڵەکان لەبارەی گۆڕانکاری تەکنیکی و تەکنەلۆژیای تەلەفزیۆنن، هیچ کامیان گۆڕانکاری ناوەڕۆک تەلەفزیۆنیان نەکردوەتە مژاری توێژینەوەکانیان کە بە کاریگەری پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیا و گۆڕانکارییەکانی ژینگەی میدیایی بە قۆناغی ڕیشەیدا تێدەپەڕێت. ئەم توێژینەوەیە، دەرگایەکی نوێ بەڕوی

کایەکی تر توێژینەوەی میدیایی دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی لە میدیا بەگشتی و ناوەڕۆکی تەلەفزیۆن بە تایبەت ڕودەدات.

ئەم توێژینەوەیە، لە دو ڕوانگەیەوە لە گۆڕانکاری و کێبڕکێی ئامرازە میدیاییەکان و خۆگونجاندنی تەلەفزیۆن لەگەڵ ژینگەی میدیایی دەکۆڵێتەوە:

**یەکەم:** دابەشبون دیمەن/شاشە بۆ چەند بەشێک، بچوکترین یەکەی ڕێزمانی بینیسازی تەلەفزیۆنییە، لێرەدا بە دابەشکردنی شاشە (Split Screen) ناودەبرێت، کە لە ڕوانگەی توێژەرانی بواری ئیکۆلۆژیای میدیاوە، یەکێکە لە تایبەتمەندی توخمە میدیاییەکانی تر کە تەلەفزیۆن بەرجەستەی دەکات وەک بەشێک لە ڕێکارەکانی خوگونجاندن لەگەڵ ژینگەی میدیایی.

**دووەم:** دابەشبون لە بڵاوکردنەوە: دابەشبون لە پەخش و بڵاوکردنەوەدا ناوەڕۆکی تەلەفزیۆندا. بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان چیتر بە تەنها لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن نمایش ناکرێن بەڵکو بە فۆرم و شێوازی ترەوە لە پلاتفۆرمەکانی تر بڵاودەکرێنەوە ولە ڕێگەی شاشەی تر وەک (مۆبایل، تابلێت، کۆمپوتەر...تاد) تەماشادەکرێن. خۆگونجاندن لەگەل ئەو سکرینانە بەچەند مۆدێلی جیاواز بەرجەستە دەبێت وەک کرۆس میدیا (Cross Media) و ترانس میدیا (Transmedia).

**میتۆدەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە، بە میتۆدی توێژینەوەی نمونەیی (Case Study) لە ڕێگەی شیکاری وەسفی ناوەڕۆک بۆ بەرنامەی ناوخۆیی (ڕۆژانە، هەفتانە)ی کەناڵی کوردسات دەکات، بۆ خستنەڕوی گۆڕانکاری مۆدێلەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە لەپاش سەرهەڵدانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان.

**ئامانجی توێژینەوە:**

هەوڵێکی زانستییە بۆ تێگەیشتن لە گەشەسەندنی میدیایی و کێبڕکێی نێوان توخمە میدیاییەکان، ڕاڤەکردنی ستراتیژیەت و مۆدێلەکانی خۆگونجاندنی تەلەفزیۆن لەگەڵ ژینگەی میدیایی.

- زانینی ئەو میتۆدانەی تەلەفزیۆن وەک ئامراز دەگرێتەبەر بۆ بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی.
- خستنەڕوی گۆڕانکارییەکانی بەرهەمهێنان تەلەفزیۆن لە ڕوی بەکارهێنانی تەکنیکی فرەکامێرایی بۆ بەرجەستەکردنی ئێستاتیکای فرەپەنجەرەیی.
- خستنەڕوی گۆڕانکارییەکان کولتوری بڵاوکردنەوەی تەلەفزیۆنی لە ڕێگەی پەنابردن بۆ پلاتفۆرمی تر بۆ بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی.
- ئاشکراکردنی کاریگەری پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ڕێسا و ڕێکارەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی.
- ڕونکردنەوەی کاریگەری دەرەنجامەکانی ئەم خۆگونجاندن لەسەر کولتوری بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی تەلەفزیۆنی.

**پرسیار توێژینەوە:**

- گەشەسەندنی میدیا و گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ژینگەی میدیایی تا چ ئاستێک کاریگەری دەکاتە سەر ئامرازەکانی میدیا؟

-کێبرکێیەکانی ناو ژینگەی میدیا دا، تا چ ئاستێك کاریگەری دەکاتە سەر ناوەڕۆکی تەلەفزیۆن؟

- ئەو ڕێکارانە چین کە پێویستە تەلەفزیۆن وەک ئامراز بگرێتەبەر بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگەی نوێی میدیا؟

- پەنابردن بۆ پلاتفۆرمەکانی تر بۆ پەخش وبڵاوکردنەوە بەرنامەی ئەلترناتیڤێکی ناچارییە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگەی نوێی میدیا؟

-کەناڵە کوردییەکان تا چەند لەگەڵ گۆڕانکاری ژیگەی میدیایی و کێبرکێی ئامرازەکانی خۆیان دەگونجێنن.

کەناڵە کوردییەکان چ جۆر میتۆدێکی فرەپەنجەرەیی بەرجەستە دەکەن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئامرازەکانی تر.

**کۆمەڵگای توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە، بە توێژینەوەی نمویەیی (Case Study) کە بۆ دامەزراوەیەک، دیاردەیەک....تاد دەکرێت، لێرە کەناڵی کوردسات وەک نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە. بە میتۆدی چۆنایەتی شیکاری وەسفی بۆ بەرنامە ناوخۆییەکانی کەناڵەکە دەکات.

**سامپڵی توێژینەوە:**

بەرنامە ناوخۆییەکانی کەناڵەکە لە خۆ دەگرێت، وەک (گفتوگۆ، چاوپێکەوتن، خۆشباری، گۆڤاری تەلەفزیۆنی) کە بەرهەمی کەناڵەکەن و ڕۆژانە یان هەفتانە لەسەر شاشەی کەناڵەکە پەخشکراون. کە لە ١٩٠ بەرنامەی جیاوازە پێکدێت.

بۆ بەرچاوڕونی زیاتر توێژەر چۆنیەتی پۆلێنسازی ناوەڕۆکی کەناڵی کوردسات دەخاتەڕو، کە بەسەر (٥) پۆلێنی جیاوازدا دابەشدەبێت، تەنها پۆلێنی یەکەم (بەرنامەی ناوخۆی) وەک سەمپڵی توێژینەوە وەرگیراوە:

**پۆلێنی یەکەم**: بەرنامەی ناوخۆیی: بەرهەمی ناوخۆیی کەناڵەکەن و ڕۆژانە یان هەفتانە لەسەر شاشەی کەناڵی کوردسات پەخشدەکرێن.

**پۆلێن دووەم**: ئەو بەرنامانەی بەناوخۆیی دەکرێن (Localisation): بەرهەمی کەناڵەکە نین بەڵکو (وەرزین) وەک زنجیرە دۆبلاژکراوەکان، فیلمی بەڵگەنامەیی، پاش ئەنجامدانی وەرگێڕانی کوردی و دۆبلاژکردن/ژێرنوسکردن لەسەر شاشەی کەناڵەکە پەخشدەکرێن.

**پۆلێنی سێیەم**: ژانرە هەواڵییەکان: گەشتی هەواڵەکان، هەواڵی بەپەلە و سەردێر، ڕاپۆرتە هەواڵ و فیچەر، ئەو مەتریالانەی تایبەتن بە ڕوداوی ناوخۆیی، نیشتمانی و نێودەوڵەتی و بەرنامەی کەشوهەوا.

**پۆلێنی چوارەم**: مەتریالە نابەرنامەییەکان (Non-programs) وەك کۆنسێرت، گواستنەوەی یاری، بۆنە و ڕوداوەکان ...تاد کە لەکاتی ڕودانیاندا لەسەر شاشەی کەناڵەکە پەخشدەکرێن.

**پۆلێنی پێجەم**: مەتریاڵی نێوان/ نێوەند (In-betweens): ئەو ماتریاڵە تەلەفزیۆنیانەن کە لە ناوبڕی نێوان بەرنامە سەرەکییەکان پێشکەش دەکرێت وەک سپۆت، تیزەر، ترەیلەر، ڕیکلامەکان (بازرگانی، سیاسی، ژینگەیی...تاد) کە لە ڕۆژانە نێوان بەرنامەکاندا پەخش دەکرێن.

توێژینەوەکە تەنها پۆلێنی یەکەم لە خۆ دەگرێت، کە ژانری بەرنامەی تەلەفزیۆنین و لەلایەن ستافی کەناڵەکەوە بەرهەمهاتون.

**سنوری کاتی توێژینەوەکە**: بەرنامە ناوخۆییەکان کەناڵەکە لە ٢٠٠٠/١/١ تا٢٠٢١/١/٣١ لەخۆدەگرێت، ماوەی پێویست بۆ کۆکردنەوەی داکاتان، ساڵێک و ٢ مانگی خایاند، لە ٢٠٢١/٤/١ تا ٢٠٢٢/٦/١.

## گەشەسەندنی تەلەفزیۆنی:

تەلەفزیۆن، سروشتێکی بەردەوام بگۆڕی هەیە و لە هیچ سەردەمێکدا ئامرازێکی جێگیر نەبوە، بەڵکو بەردەوام بە گۆڕانکاری گەورەدا تێپەڕیوە؛ وەک گۆڕانی سیستەمی پەخش، ڕەنگ، قەبارە و کواڵیتی وێنە و پیشەسازی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک؛ بەشی زۆر ئەو گۆڕانکارییانەش لەژێر کاریگەی کەلتوری تەماشاکردن ڕویداون؛ ئەو ئامێرانەی ئێستا بۆ تەماشاکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەکاردەهێنرێن، وەك ئامێرەکانی شاشەی زیرەك، مۆبایل، تابلێت کەبە سیتسەمی ئینتەرنێت کاردەکەن، تەواوەتی کەلتوری بەرهەمهێنان و تەماشاکردنی تەلەفزیۆنی گۆڕیوە.

ستیڤن هیس، سی دەیە پێش ئێستا کە هێشتا گەشەسەندنی تەلەفزیۆن لە سەرەتایی قۆناغەکانی دابو، ئەم پرسە لە یەکێك لە هەوڵە زانستییەکانی تیوریزەکردنی تەلەفزیۆندا وروژاندوە بەناوی (لۆژیکەکانی تەلەفزیۆن)[3] هیس دەڵێت "تەلەفزیۆن تاڕادەیەك تەنێکی ئاڵۆزە، لە هەمو شوێنێك هەیە، هەر شتێکیش لەبارەیەوە باسبکرێت دوایی ماوەیەك کۆن دەبێت؛ بە لەبەرچاوگرتنی خێرایی ئەو گۆڕانکارییانەی لە (تەکنەلۆژیا، ئابوری، بەرنامەکانی) ڕودەدات، لێشاوی بێ شۆمارەی ناوەڕۆکەکەی (وێنە، دەنگ، تاد) فەراهەمبونی ڕۆژانەی ئامێرەکە، گۆڕانکاری بەردەوام لە کۆاڵیتیەکەی؛ هەمو ئەمانە وامان لێدەکەن بپرسین کەواتە چۆن بتوانین گوازرشت لە تەلەفزیۆن بکەین؟(Heath,1990, 267). بۆچونەکەی هیس نزیکە لە توێژەرانی پێش خوی، لە چەشنی وەك ڕەیمۆند ویلیامز کە وتی" تەلەفزیۆن...پێکهاتەیەکی زێدە ئاڵۆز و فۆرمێکی فرەلایەنی تەکنەلۆژی وکولتورییە" (Williams,1974, 1992). ئەو گۆڕانکارییەکان هیس باسی دەکات بەراورد بەئەمرۆ گۆڕانکارییەکی کەمن بە تایبەت کە چیتر میدیاکان سەربەخۆ کارناکان بەڵکو بەهۆی ژینگەی میدیائاوێزانەوە (Intermediality)[4] ، لەلایەکەوە سود لە تەکنەلۆژیا و ناوەڕۆکی یەکتری وەردەگرن؛ لەلایەکی دیکەشەوە لە کێبڕکێیەکی توندان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان ژینگەی میدیایی. ئەمانە هەمویان ئاریشە و ئاڵنگاریی گەورەن لەبەردەم ناجێگیری تیۆرەکانی شیکاری و ڕاڤەیی تەلەفزیۆن.

لە ڕوانگەی توێژەرانی بواری ئیکۆلۆژیای میدیاوە، بە هەمان شێوەی ژینگەی سروشتی، تەلەفزیۆن، لە کێبرکێ توخمە میدیاییەکاندا سودی لە فۆرم و ناوەڕۆکی میدیای پێش خۆی وەك: ڕۆژنامە و سینەما، وەرگرتوە، ئێستاش لە تێکۆشانی مانەوەدایە لەگەڵ توخمە میدیاییەکان پاش (پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان). لەم نێوەندەدا لە هەوڵی ئەوەدایە سود لە تایبەتمەندی ئامراز و تەکنەلۆژیای میدیا پاش خۆی وەربگرێت وەك وێبسایت و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیال میدیا...تاد. ئەم گۆڕانکارییانەش لەژێر چەندین تێرم و چەمکی فرەچەشندا بەهزریکراون وەك: بە میدیابونەوە

:(Remediation)كە بریتییە لە پرۆسەیەكی درێژخایەنی گواستنەوەی ناوەڕۆك و فۆرمی میدیایەك بۆ میدیایەكی دیكە (Bolter & Grusin, 2000)؛ میدیائاوێزان (Intermediality) کە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ و دەستاودەستکردنی بەرهەمە میدیاییەكان، جا لەناو توخمە میدیاییە هاوچەشنەكان بن یان لە نێوان توخمە جیاوازەكان(Jenkins, 2006).

گەشەسەندنی تەلەفزیۆن بەچەندین قۆناغی فرەچەشندا تێپەڕیوە؛ یەکەم قۆناغی تەلەفزیۆن کە بە تەلەفزیۆنی کۆن (paleotelevision) دەناسرا، ئەم جۆرە تەلەفزیۆنە سودی لە ئەزمون تەماشاکردنی توخمە میدیاییەکانی پێش خۆی وەردەگرت وەك ڕادیۆ، سینەما و ڕۆژنامە. لە قۆناغی باڵادەستبونیشی دا کە پێیدەوترێت تەلەفزیۆنی نوێ (neotelevision)؛ گوتار و پەیامەکانی ئاراستەی نەوەی نوێی دەکرد ئەو نەوەیەی خۆیان نە هەر ئاشنابون بە تەلەفزیۆن بەڵکو بەدیار تەماشاکردنی تەلەفزیۆنەوە گەورەبون و توانایەکی باشیان هەبو لە تێگەیشتن و لێکدانەوەیان ڕێزمانی بینراو بیستراودا. (Herkman, 2012) کەواتە تەلەفزیۆنی ئێستا ئاراستەی چ جۆرە بینەرێك دەکرێت؟ لەڕوانگەی سکۆلارییەوە، لەم قۆناغەدا، تەلەفزیۆن گوتارەکانی ئاراستەی جۆرە وەرگرێك دەکات کە شارەزاییەکی زۆریان هەیە لە شیکاری دەقەکان، تێگەیشتنێکی باڵایان هەیە لە ئێستاتیکایی میدیایی کە بە هۆی ژینگەی ئێستایی میدیاوە پێی ئاشنابون. لەم نێوەندەشدا تەلەفزیۆنی هاوچەرخ دەبێت پەرە بە ئێستاتیکا و ناوەڕۆکی خۆی بدات بۆ تێرکردنی حەز و (خواست-Taste)ەکانی وەرگری ئێستا. میدیایی کۆنباو دەبێت خۆی لەگەڵ ئیکۆسیستەمی میدیاییدا بگونجێنێت، سیفەتە کارلێکەرە نوێییەکان بگرێتەبەر. بەواتایەکی تر، هایپەر تەلەفزیۆن ئەو جۆرە تەلەفزیۆنە کە هاوشێوسازیی کارلێکی میدیایی دیجیتاڵی دەکات (Scolari, 2009a, 41).

ئەو نەوەیەی بەدیار شاشە کارلێکەکانی وەك یارییە ڤیدیۆییەکان و مۆبایلی زیرەك...تاد گەورەبون پەرەیان بە تواناکانی خۆیان داوە لە درکپێکردن، تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی پەیامە میدیاییەکان. ئەو تەلەفزیۆنەی زادەی میدیاکانی پێش خۆی (ڕادیۆ و سینەما و ڕۆژنامە)، چیتر شیاو نییە بۆ ژینگەیەك کە دانیشتوانی بە تەکنەلۆژیای مۆبایل، ئێنتەرنێت وتابلێت ڕاهاتون. لەم نێوەندەدا خۆگونجاندن لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی سیستەمی فرەپەنجەرەی (ئێستاتیکا پەنجەرەکان) و تایبەتمەندی دابەشکاری (Fragmentation) وەڵامدانەوەیەکی لۆجیکی دەبێت بۆ ژینگەکە. ئەو تەلەفزیۆنەی بۆ ماوەی 50 ساڵ باشترین پارادایمی میدیا گشتی (One-to-Many)بو ئێستا لە ژینگەی نوێی میدیادا ڕوبەڕوی ڕکابەری گەورە بوتەوە(Scolari, 2023). لەم قۆناغەی گۆڕان وگواستنەوەدا کە ژینگەیەکی پڕ گرژییە، تەلەفزیۆن شوێن پێی میدیای دیجیتاڵی دەکەوێت. ئەم بەخۆداچونەوەیە، جۆرە ئاوێتەیەك لە دامەزراوە میدیایەکان و تەکنەلۆژیا دروستبوە کە ژینگەیەکی کولتوری / بینراوی هێناوەتە ئاراوە کە زۆر لە توخمەکانی پێش خۆی جیاوازترە.

سکۆلاری[5] لەم نێوەندەدا دەڵێت "کاتێك دەڵێین 'تەلەفزیۆن' یان فلانە میدیایە ڕوبەڕوی مەترسی لەناوچون دەبێتەوە و هەرچی لە تاوانایدابێت دەیکات بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ ژینگەکە بگونجێت؛ ئێمە میدیاکە وەك کیانێکی سەربەخۆ دانانێین. هاوشێوەی ئەوەی زانایی بایۆلۆجستەکان لەبارەی پەرەسەندنەوە دەڵێن" کاتێك ئێمە باس لە جەنگی توخمەکان دەکەین بۆ مانەوە یا خوگونجاندن لەگەڵ ژینگە، ئەوان توخمە بایۆلۆژییەکان وەك تەنی سەربەخۆ و ژیر نابینن؛ بەڵکو ئاوێتەیەك لە پرۆسەکانی گۆڕان، هەڵبژاردن و بۆماوەییەکان، ئەوەی پێیدەوترێت ئامێرەکەی (داروین) کە مۆدێلی پەرەسەندن پێکدەهێنن. گەشەسەندنی میدیایی بە هەمان شێوەی گەشەسەندنی بایۆلۆژی بە چەندین فاکتەری فرەچەشن دیاریدەکرێت(Scolari,2013, 1422) .

لە ژینگەی ئێستا میدیاییدا، ململانێی ئامرازە میدیاییەکان هێشتا یەکلاینەبوەتەوە، هیچ فۆرمێکی کۆمیونیکەیشنی میدیایی هێندە زاڵ نییە؛ کە باڵ بەسەر ژینگەکەدا بکێشێت؛ پرۆسەی گەشەسەندن (کێبڕکێ، خوگونجاندن و وەرگرتنی تایبەتمەندی ئەوانەی تر) لە نێوان ئامرازە میدیایەکاندا هێشتا بەردەوامە، ئامرازە میدیاییەکان بەبێ جیاوازی سود لە تایبەتمەندییەکانی یەکتری وەردەگرن؛ پرۆسەی خۆگونجاندن و وەرگرتنی تایبەتمەندیەکان لە هەندێ حاڵەتدا پێچەوانەییە؛ بۆ نمونە تایبەتمەندی هەواڵی تەلەفزیۆنی کە وێنە تیایدا زاڵە، لە ئیفۆگرافیکی ڕۆژنامەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە؛ بە هەمان شێوە لە وێبسایتەکانیشدا بە شێوەی (سۆمبنەیل ـ thumbnail)[6] بەرجەستە دەبێت؛ تێکەری (ژێرنوسی هەواڵەکان) کە تایبەتمەندییەکی تەلەفزیۆنییە و ئێستا لەلایەن وێبسایتەکانیشەوە پەیرەودەکرێت و لە بنەڕەتدا ( تیکەرـTicker)[7] خەسڵەتێکی میدیای چاپ بو کە لە بنەڕەتدا دەگەرێتەوە بۆ ئامێری تێلیگراف بۆ گواستنەوە زانیارییەکان(Parry, 2011) . بەرجەستەکردنی ئەم تایبەتمەندییانە لە سروشتی ئامرازەکە ڕەنگدانەوە لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی بەرنامە و فۆرمەکانی بڵاوکردنەوە بەرجەستە کردوە، ئەمانە جۆرە ئامرازێکی تەلەفزیۆنی هێناوەتە ئاراوە تەلەفزیۆنێکی کە کارلێکار نییە، بەڵام لاسایی میدیای کارلێکەرە دەکاتەوە.

## خۆگونجاندنی تەلەفزیۆن لەگەڵ ژینگەی نوێی میدیادا

بەشێکی زۆر لە توێژەرانی بواری تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی سەرقاڵی شرۆڤەکردنی میدیایی نوێ بون تا ئەو ئەندازەیی ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە میدیا کۆنباو دا ڕودەدان پشتگوێیان خستبو. ساڵانی نەوەتەکان دەشێ بوترێ کە لە کایەی توێژینەوەی میدیاییدا 'تەلەفزیۆن' وەک ئامراز، چەقی توێژینەوەکانی گرتبو، زۆرترین توێژینەوەی لەبارەی تەلەفزیۆنی ئەنجام درابو(Scolari,a2009).

لە ساڵانی ڕابردووەوە بەرنامە تەلەفزیۆنییە لە فۆرمێکی یەکانگیری یەکپارچەوە، بەئاراستەی گێڕانەوەی فرەبەشی و زنجیرەیی هەنگاو دەنێت، تەنانەت ئەو ماتریاڵانەی یەك جار پەخش دەکرێت دواتر بەشی نوێ یاخۆد بەرهەمی تریان (Spin-off)[8] لێدروست دەکرێت. چیتر فیلم و بەرنامەی تەلەفزیۆنی یەك تەمەنیان نییە بەڵکو دوایی پەخشی یەکەمیان سەرلەنوێ بەشێوەیەك لەشێوەکانی تر سەرهەڵدەدەنەوە زۆربەی کاتیش بە شێوازێکی کەمێک جیاوازترەوە لە میدیاییەکی تر بڵاودەبنەوە، هەروەك هێنری جێنکنز "زۆرێك لە فیلم و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان چیتر تەنها فیلم یان بەرنامەی تەلەفزیۆنی نین، بەڵکو کاڵای بازرگانین بەرهەمدەهێنرێنەوە و دەفرۆشرێنەوە کە دەتوانن فراوانتر بن چەندین فیلم، بەرنامەی تەلەفزیۆنی، کتێبی کۆمیك، ماڵپەڕ، یارییە ڤیدیۆییەکان، پارکە گەشتیارییەکان و هاوشێوەی لێ بەرهەمبهێنرێنەوە"(Jenkins, 2008, 16) .

ئەم گۆڕانکارییانەی لە کولتوری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆندا ڕودەدات لەژێر چەندان تێرم و پۆلێنی جیاواز تیۆریزەکراوە. جیم کۆلینز لەچوار دیدگاوە ئەو گۆڕانکارییانە شرۆڤەیان دەکات بە جوانناسی سەردەمی پۆستمۆدێرن وەسف دەکات، کە بریتین لە: (١) پارچەپارچەبون (fragmentation)، (٢) (هێما/نیشانەناسی ڕادەبەدەر ـ semiotic excess)، (٣) کاڵبونەوەی جیاوازییەکان، و (٤) سەرو-واقیع یان هۆشیاری زێدە. (Collins, 2000) سکۆلاری چەمکی سەرۆتەلەفزیۆن(Hypertelevision) دەبەخشێت بەو گۆڕانکاری و خوگونجاندنە. بە دیدی ئەو" سەرۆتەلەفزیۆن - Hypertelevision " تەلەفزیۆنی کارلێککەر نییە، بەڵکو چەشنە تەلەفزیۆنێکە کە لاسایی تایبەتمەندی (کارلێکی)

میدیایی دیجیتاڵی دەکاتەوە، بەشێك لەو تایبەتمەندییانەی کە تەلەفزیۆنی ئەم سەردەمەی تێی دەناسرێت" (Scolari, 2009, 16)

دابەشکردن (fragmentation) لە کایەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا زۆر تازەیە، ژمارەیەکی کەم لە توێژەران شیکاری ئەم تایبەتمەندییەیان لە ئامرازە میدیاییەکان کردوە؛ لە بواری سینەمادا (Jim Bizzocchi) لە سێ ئاستدا ڕاڤە بۆ تایبەتمەندییەکە دەکات: لە گێڕانەوە (Narrative)، پێکهاتەیی (stucture) و گرافیک (Bizzocchi,2009, 2-4). ئەم توێژینەوە، بە ڕێبازی شیکاری وەسفی ناوەڕۆک، لەسەر دو لایەنی تایبەتمەندییەکە کاردەکات کە لە تەلەفزیۆندا بەرجەستە بوە؛ یەکەمیان دابەشبونی شاشە (Split - Screen). دومیان دابەشبون لە بڵاوکردنەوەدا لە سەردەمی میدیائاوێزان دا (Intermediality)، بە واتایەکی گشتگیر چۆن بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان لە ڕێگەی (Cross/transmedia) بەدوای پەنجەرە/سکرینی تر دەگەڕێن بۆ گەشتن بە وەرگر.

### جۆرەکانی پارچەپارچەبون/دابەشبون (fragmentation):

### یەکەم: دابەشبونی چێوە یان شاشە (Split screen)

ئەم تایبەتمەندییە کە لە سینەمادا مێژویەکی دێرینی هەیە، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە کولتورییانەی لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە ڕویانداوە، لە توخمە میدیاییەکانی تر سەرهەڵداوەتەوە بە تایبەت لە کۆمپیوتەر، یارییە ئەلیکترۆنییەکان، هەواڵی تەلەفزیۆنی، چیرۆکە وێنە (comics)، و ڕۆمانە گرافیک، ئەم تایبەتمەنیدییە ئێمەیان ڕاهێنایەوە بە شاشەی فرەپەنجەرە (many-windowed) (Bizzocchi,2009,p.1).

### دوەم: دابەشبونی بڵاوکردنەوە (fragmentation)

توێژەرانی گەشەسەندنی میدیایی لە نێویاندا سکۆلاری، لەبارەی "کێبرکێی توخمەکان پێیان وایە هاوشێوەیی توخمە بایۆلۆژییەکان، لە ئیکۆلۆژیای میدیاییدا هیچ میدیایە/پلاتفۆرمێك سەربەخۆ نییە، بەڵکو زادەی پرۆسەکانی گۆڕان هەڵبژاردن و مانەوەی ماکە پێکهێنەرەکان. بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، لە پێناو مانەوەی و بەردەوامبون بەدەر لە پەخشی کلاسیك، لە گەڵ شاشەی دوەم (مۆبایل، تابلێت) خۆیان دەگونجێنن (Blake, 2016)، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەرهەمەکانیان بەهەردو میتۆدی خۆگونجاندن و خۆگۆڕاندن لەسەر پلاتفۆرمەکانی دیکە فەراهەم دەکەن. ئەم پرۆسەیە، لە کایەی گەشەسەندنی میدیاییدا دەچێتە خانەی یەکگرتنەوەی میدیاکان یا ئەوەی پێیدەوترێت (میدیائاوێزان)؛ کاتێك میدیای کۆنباو بە تەنیا ناتوانێت بەردەوامی بەخۆی بدات و ڕزگاری بێت بەڵکو ئەرکەکانی خۆی لەڕێگەی ئاوێتەبون لەگەڵ میدیا نوێ دەپارێزێت.

### یەکەم: دابەشبونی چێوە/شاشە (Split – Frame/screen)

تایبەتمەنییەکی کولتور و هونەری مۆدێرنیتە و پاشمۆدێرنیتەیە[9]، وردە بەش و یەکەی بچوکی جیاکراوی پێ باشترە لە گشت و یەکگرتن. پارچەپارچەبون یا دابەشبون (fragmentation): تایبەتمەندییەکی فەرمییە کە پۆستمۆدێرنیزم لەگەڵ مۆدێرنیزمدا هاوبەش دەکات؛ ئەومان بیردەخاتەوە کە چۆن مۆدێرنیستەکان دەیانویست گشتی و یەکپارچەبون تێکبشکێنن وهەڵبوەشێننەو لە ڕێگەی پێشەنگکردنی تەکنیکی تێکشکاندن، یان بە دابەشکردنی تەنەکان بۆ پارچەی جیاواز وەك لە هونەری کیۆبیزم ( Cubism)دا.

جۆن کاڵدوێل، ئەم گەشەسەندنەی ئیستاتیکایی تەلەفزیۆنی لە کتێبەکەی بە ناوی (تەلەفزیۆنیانە. televisuality) وەسف دەکات؛ تەلەفزیۆنی ئەم سەردەمە زۆر جیاوازترە لە ساڵانی ١٩٥٠ یان ١٩٦٠ (Caldwell,1995). تەنانەت فۆرمی سادەی گەشتی هەواڵی شەوانە (ناوخۆیی یان نیشتمانی بێت) بەهۆی تەکنەلۆژیا و ئێستاتیکای پۆستمۆدێرن گۆڕاوە. لە دەیەکانی پێشودا، لە هەواڵی شەواندا، یەك بێژەر لە ستۆدیۆیەکی سادە دا لەسەر مێزێکی سادە دادەنیشت و لە ڕێگەی ئۆتوکیۆ** یان دەقی نوسراوە هەواڵەکانی دەخوێندەوە. بە بەراورد بە گەشتی هەواڵەکانی ئەمڕۆ پڕن لە هێماناسی ڕادەبەدەر. چیتر تەنها یەك بێژەر نییە بەڵکو چەند بێژەرێکن، کە لەلایەکی شاشەکە دانیشتون، لایەکەی تری شاشەکە تەخانکراوە بۆ چەندین گرافیك، هەواڵی بەپەلە، لۆگۆ، و ڕیکلام، فلاش و جوڵەی گرتەی کامێرا (Benshoff,2016, 184).

لە چەندین لایەنەوە فیلم و بەرنامە تەلەفزیۆنییە هاوچەرخەکان ورددەبنەوە بۆ بەش و پارچەپارچە، بە تایبەت لە ڕوی پێکهاتەیانەوە.چونکە بە بەراورد بە فیلمسازی کلاسیکی هۆلیود یان سەرەتای پیشەسازی تەلەفزیۆنی (پێش حەفتاکان)، فۆرمی وێنەسازی وپرۆسەی گێڕانەوە لە فیلم و بەرنامە تەلەفزیۆنییە هاوچەرخەکان درێژە و یەکپارچەیی نییە بەڵکو دابەش دەکرێت بۆ بەش و یەکەی بچوکتر.

ئەم مۆدێلی دابەشکارییە بۆ یەکەم جار لەناو گەشتی هەواڵەکان دا بەرکاهێنرا، کاتێك شاشە دەکرێت بە دو یا چەند بەشێك، کە یەکێکیان تەرخان دەکرێت بۆ بێژەری ناو ستودیۆی و ئەوانەی تر بۆ پەیامنێر و میوان تاد تەرخان دەکرێت. ئەم تەکنیکە، بۆ خستنەڕوی داتا و ئیفۆگرافیك زانیاری نوێ (نیوزبار، کەشوهەوا، نرخی دراو....تاد) بەکاردەهێنرێت. تەکنیکی دابەشکردنی شاشە کە مۆدێلی لاساییکردنەوەی چەند پەنجەرەی کۆمپیوتەرییە، کە لە یەك کاتدا چەند وێبسایستێك دەکرێتەوە و هەمو لەسەر شاشە دەبینرێت، هەر تەنها بۆ پێشکەشکردنی زانیاری وخستنەڕوی داتای نەبوە، بەڵکو وەك ئیستاتیکایەکی میدیایی لە فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکانیش بەکاردەهێنرێت. زنجیرەی تەلەفزیۆنی 24 (کەناڵی فۆکس 2001-2010) تەکنیکی دابەشکردنی شاشەی بەکارهێنا بۆ ئافراندنی هەستی ڕاستەقینەیی و هاوکاتێتی ڕوداوەکان. توێژەرانی میدیایی وەك (Vered) ئەم تەکنیکەی فرەدیمەنی لە یەك کاتدا بە (ئیستاتیکای پەنجەرەکان) تەلەفزیۆنی هاوچەرخدا وەسف دەکات(Scolari,2009) .

پارچەپارچەکردن (fragmentation) نەك تەنها گۆڕانکارییە لە پرۆسەکانی وێنەگرتن (گرتە، دیمەن) و مۆنتاژکرن (خێراکردنی ڕیتم) فۆرمە بینیسازییەکانی بەگشتی، بەڵکو لە گێڕانەوە و پێشکەشکردنیشدا بەرجەستە دەبێت. لە پیشەسازی فیلم و تەلەفزیۆندا، دابەشکردنی چیرۆکێك بۆ چەند ئەڵقەیەکی سەربەخۆ و زۆربونی ئەنتولۆژیا و زنجیرە، بەشێکیترن لە تایبەتمەندییەکانی (fragmentation)، کە پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ زیاتر بەردەوامبونی فیلم وبەرنامەکان شاراوە نییە کە کۆمپانیا هاوچەرخەکانی هۆلیود هەوڵدەدات ئەو جۆرە فیلمانە بەرهەمبێنێت کە زۆر قازانجدارە و بەشی تری لێ بەرهەمدەهێنێت بۆ ئەوەی سەرکەوتێنکی بەرچاو و داهاتێکی زۆر لە بۆکس ئۆفیسدا مسۆگەر بکات. بە هەمان شێوە لە بەرهمهێنانی زنجیرەی تەلەفزیۆنیشدا زنجیرە دراماکانی وەك (The Wire)، (True Blood) و ( Game of Thrones) ئاماژەیە بۆ ئەم گۆڕانکارییە" ئەم جۆرە دابەشکردن و پارچەپارچەکردنە ماتریالەکان بەدەر لە قازانجێکی زیاتر،

** Autocue/teleprompter

هۆکاری درێژکردنی تەمەنیان و مانەوەیانە لەسەر شاشە بۆ ماوەیەکی زیاتر، چونکە بەشی زۆری ئەم زنجیرانەی چەندین وەرزیان لێ بەرهەمهاتوە، بەشکێشیان چاوەڕوان دەکرێت وەرزی تری لێ بەرهەمبهێنرێت" (Benshoff,2016, 183).

دووەم: دابەشبونی بڵاوکردنەوە (fragmentation)

مۆدێلەکانی بەرهەمهێنان فرەپەنجەرەیی

هیچ توێژەرێك هێندەی (Henry Jenkins) زو درکی بە گۆڕانکاری نێو ژینگەی میدیای و ئاوێتەبونی ئامرازە میدیاییەکان نەکرد. لە کتێبی ***کولتوری یەکانگیر: کاتێك میدیای کۆن و میدیا نوێ لەیەکدەدەرێن****، بە توندی لە دژی ئەو دیدگایە دەوەستێەوە کە (یەگرتن) بە تەنها وەك پرۆسەیەکی تەکنەلۆژی دەبینرێت بەوەی تەنها کۆمەڵێك میدیای فرەچەشن لە یەك ئامێردا کۆدبکرێتەوە، بەڵکو ئەم یەکانگیری / یەکگرتنە زادە گۆڕانێکی کولتوریە، کە بەرهەمهێنەر و وەرگر هاندەدرێن بەدوایی ئەلترناتیڤی نوێدا بگەڕێن و پەیوەندی نێوان ئەم میدیا پەرشوبڵاوانەدا دروستبکات. هێنری جینکینز وشەی (Convergence) بەم شێوەیە پێناسە دەکات" مەبەستم لە وشەی (یەکگرتنی/یەکاگیری - Convergence) لێشاوی ناوەڕۆکە بەنێو چەندین پلاتفۆرمی میدیادا؛ هەماهەنگی نێوان پیشەسازی فرەچەشنی میدیاییە؛ ڕەفتاری کۆچەرییانەی وەرگرە لە میدیایەکەوە بۆ میدیایەکی تر(Jenkins, 2008, 2). هێنری جینکینز دەڵێت "( Convergence) وشەیەکە، گۆڕانکارییە تەکنەلۆژی، پیشەسازی، کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ ڕوندەکاتەوە. بەشێك لەو ئایدیا باوانەی تێرمەکە بریتین لە (ڕەوتی ناوەڕۆك) لە سەرانسەری پلاتفۆرمە جیاوازەکان میدیا؛ هەماهەنگی نێوان چەندین پیشەسازی میدیا؛ گەڕان بەدوای پێکهاتەی نوێی دارایی میدیا کە دەکەونە نێوان میدیای کۆن و نوێ؛ و ڕەفتاری کۆچبەرییانەی وەرگری میدیا کە سەر بەهەمو شوێنێك دا دەکات بەدوای بەرنامە خۆشباری**دا. بەرینتر بدوێین، (یەکگرتنی میدیا) ئاماژەیە بۆ دۆخێك کە تیایدا چەندین ئامرازی میدیا پێکەوە دەژین و ناوەڕۆکی میدیا وەك لێشاو لە ناویاندا گوزەر دەکات. لێرەدا (یەکگرتنی میدیا -Convergence) دەبێتە پرۆسەیەکی بەردەوام یاخود زنجیرەیەکی یەکتربر لە نێوان سیستەمی میدیاییە جیاوازەکاندا، نەك پەیوەندییەکی جێگیر" ئەم گۆڕانکارییانە وەك بەشێك لە ئیکۆسیستەمی میدیا بەردەوام دەبن( Ibid, 282). لەسەر ئاستی جیهان ئەم گۆڕانکارییانە نێو ژینگەی میدیایدا و بە دیاریکراویش بەریەککەوتنی میدیاکان بە کۆمەڵێک چەمکی تر هزراندوە، بۆ نمونە لە کایەی ئەکادیمیای ئەڵمانیدا، چەمکی میدیائاوێزان (intermediality) بەکاردەهێنرێت بۆ ڕاڤەکردنی ئەو گۆڕانگارییانە. ئێستا لە نێو هەگبەی توێژینەوەکانی وڵاتانی وەک وڵاتانی ئیسکاندەناڤیا، بەرازیل، چین، کۆریای باشور و بەریتانیاش وەك "بابەت، میتۆدی توێژینەوە، تەنانەت تیۆری (Rajewsky, 2005, 43–64).

فرەپەنجەرەیی لە سەردەمی میدیائاوێزان دا

لە بنەڕەتدا (میدیائاوێزان-Intermediality) هەر لە سەرەتاوە وەك زاراوەیەکی گشتگیری چەترئاسا بینراوە، کە ڕێبازگەلێکی ڕەخنەیی سودیان لەو چەمکە وەرگرتوە، کە هەر یەکێك لەم ڕێبازانە هەر جارێ بۆ ئامانجێکی جیاواز بەکاریان هێناوە، بۆ هەر جارێك تێرمی (میدیائاوێزان)یان وابەستەکردوە بە تایبەتمەندی و سنورداری جیاوازەوە، کە بە گوێرەی دیسیپلینە جیاوازەکان، ئامانجی بەکارهێنانیشی دەگۆڕێت "بۆ نمونە لە بواری توێژینەوەی میدیایی، توێژینەوەی ئەدەبی،

* Convergence Culture Where Old and New Media Collid
** entertainment

توێژینەوەی کۆمەڵناسی، توێژینەوەی فیلم، مێژوی هونەر. سەرەڕایی ئەوەش، کۆمەڵێك زاراوەی تری پەیوەندیدار خۆیان داوەتە پاڵ گوتارەکانی میدیائاوێزان کە بە چەندین شێوە پێناسەدەکرێن و بۆ مەبەستی فرەچەشن بەرکاردەهێنرێن؛ بۆ نمونە چەندمیدیایی (multimediality)، فرەمیدیایی (plurimediality)، میدیایەکتربڕەکان (crossmediality)، ژێرمیدیالیتی (inframediality)، میدیائاوێتەی (media-convergence)، یەکخستنی میدیا (media-integration)، تێکەڵکردنی میدیا (media-fusion)، میدیا فرەرەگی (hybridization)" (Ibid, 40-44). لێرەدا ئەو چوارچێوە پێناسانە دەخەینەڕو کە پەیوەستن بە تێگەیشتن لە گۆڕانکاری و گەشەسەندنی میدیایی.

ئەکادیمیستانی ئەڵمانی دیدگایەکی بەرینتر دەخەنە پاڵ ئەم چەمکە تەنها لە کایەی میدیایی دا قەتیسی ناکەن. ئەم جۆرە هەوڵانە بۆ فراوانکردنی چەمکی (Intermediality) و گواستنەوەی بۆ دیسیپلینی تر و قۆڵبونی لە نێو کایەی هزرییەکاندا دەشێ بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگربێت بۆ گرنگی ئەم چەمکە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم تایبەتەندییە فرە دسپلینییە، لەڕوی ماناوە نارِونی دەبەخشێت بەچەمکەکە، چونکە هەر یەکێك لەو بوار و ڕێبازانە پێناسە ولێکدانەوەی جیاواز بۆ چەمکەکە دەکەن. بۆیە بۆ وەلانانی تێگەیشتن ولێکدانەوە ناپەیوەندیدارکان، قۆڵبونەوە لە بواری میدیایی دا، لەروی میدیایەوە بەم شێوەیەیە (NOORDEGRAAF, et al., (2013, 89-90)

**پۆلێنی یەکەم: میدیائاوێزان لەسەر بنەمایی ئامراز:**

1- بە میدیابونەوە (Remediation): بریتییە لە پرۆسەیەکی دێژخایەنی گواستنەوەی فۆرم و ناوەڕۆکی میدیایەك بۆ میدیایەکی تر. بۆ نمونە بەکارهێنانەوە یا دوبارە داهێنانکردن . reinvention)ی ناوەڕۆکی میدیای دیکە لەلایەن تەلەفزیۆن یا پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵی. یان بە میدیاکردنەوەی ناوەڕۆکی شانۆ، ئەدەب یان ڕادیۆ ( Bolter & Grusin, (2000).

2- میدیائاوێزان (Intermediality): دەشێ وەك پرۆسەی ئالوگۆر و دەستاودەستکردنی نێوان میدیاکان پێناسە بکرێت، جا لەناو توخمە میدیاییە هاوچەشنەکان بن یان لە نێوان توخمەجیاوازەکان.

3- ژێرمیدیا (Inframediality) دەشێ بۆ دیاریکردنی ئەو داهێنانانە بەکاربهێنرێت کە لە سنوری نێوان میدیاکان دا بڵاودەبنەوە یا لە دوتوی هەمان توخمی میدیایی دا بڵاوبێتەوە(Marchiori, 2013, 81–100).

هەردو توێژەران (Jay David Bolter) و (Richard Grusin)، پشت بەستن بە دیدگاکانی مەکلۆهان دەربارەی گەشەسەندنی میدیای، درێژە بە چەمکی میدیابونەوە (Remediation) دەدەن ئەوەش ڕوندەکەنەوە کە بەمیدیابونەوە بە واتای جێلێژکردن و لەنابردنی میدیاکان نایەت، بۆ نمونە میدیا نوێیەکان وەك ئینتەرنێت میدیا کۆنەکان لە کاربخات. بەڵکو میدیا نوێیەکان پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی میدیا کۆنەکان تایبەتمەندی نوێ لەخۆبگرن و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ژینگەی نوێ میدیادا. لەروانگەی ئەو دو توێژەرەوە چەمکی میدیابونەوە لوجیکێکی فەرمییە کە تیایدا میدیا نوێیەکان دوبارە فۆرمی میدیا پێشینەکان دادەرێژێیەوە جورێکە خۆگۆرینی میدیا کۆنەکان بە فۆرم و ناوەڕۆکی نوێ و گونجاو ((Bolter & Grusin, 1999)).

**پۆلێنی دوەم: میدیائاوێزان لەسەر بنەمایی ناوەڕۆك یا بەرهەم**

**دەکرێت چەمکی (Intermediality) لەسەر ئەم ئاستانە بخرێتەڕو:**

- یەکەم (گواستنەوە ـ transposition): لە دیدێکی بەرتەسکدا، چەمکە بریتییە لە گواستنەوەی تەنێك لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، بۆنمونە لە ڕۆمان بۆ فیلم..تاد. ئەو دۆخەی کە چۆن بەرهەمێکی میدیایی دێتەبون. بەدیاریکراوە چۆن بەرهەمێکی میدیایی یان بەشێکی بەرهەمەکە دەگوازرێتەوە بۆ نێو ئامرازێکیتر میدیایی. ئەم پۆلێنسازییە، بەرهەم سەنتەرگەراییە، واتایی مۆرکێکی جینیتك (توخمەسازی) دەبەخشیت بە چەمکەکە، کە بەرهەمێك (دەقێك، فیلمێك) دەبێتە سەرچاوەی پێکهێنانی بەرهەمێکی نوێ میدیایی، کە پێکهاتەکەی زادەی پرۆسەیەکی ئالوگۆڕی نێو میدیاکان، بەواتایەکی تر لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکیتر دەگوزارێتەوە (Rajewsky, 2005).

- دووەم (تێکەڵکردن ـ combination): واتە تێکەڵکردنی میدیاکان، وەك ئۆپرا، سینەما، شانۆ، نمایشە جەستەییەکان، شێوەکاری، وێنەکۆمپیوتەرییەکان، هونەرە دەنگییەکان تاد. بە تێرمێکیتر پێ‌دەوترێت چەندمیدیا (multimedia)، تێکەڵەمیدیا (mixed media) و میدیائاوێزان (intermedia). بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی تێکەڵکردنی لانیکەم دو میدیای جیاوازە یان فۆڕمی پەیوەندیکردنیان. ئەم پۆلێنە بە کۆمەڵە میدیایەك دیاری دەکرێت کە بەرهەمێکی دیاریکراو پێکدەهێنن، واتە پرۆسەی تێکەڵکردنی لانیکەم دو میدیای جیاوازی. واتایەکی تری (Intermediality) لێرەدا پەیوەستە بە لێڤەگەر(references)[10] ، بۆ نمونە هێماکردنی بەرهەمێك بۆ بەرهەمێکی تر، یاخود لاسایکردنەوەی هەندێك تەکنیك و تایبەتمەندی بەرهەمی تر وەك گرتەی نزیککردنەوە (zoom)، تاریککردنەوە (fades)، ئاوێتەکردن (dissolves) و یا هەر تەکنیکی تری مۆنتاژ. ئەم جۆرە ئاوێزانە لە کولتوری بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی تەلەفزیۆنیدا دەچێتە خانەی (مێتاتەلەفزیۆن Meta-television) کە خۆئاگایانە پشت دەبەستێت بە ژانرای تری و سود لە تایبەتمەندێتی بەرنامەی تری تەلەفزیۆنی وەردەگرێت و بەرهەمێکی تر دروستدەکات. مێتا تەلەفزیۆن هەڵوەشاندنەوە بۆ ستایلی گێرانەوەی تەلەفزیۆنی دەکات فۆرمێکی نوێ دەهێنێتە ئاراوە. ئەم تایبەتمەندییە هەندێ جار پێ‌دەوترێت (مێتاژانراسیزم Metagenrecism). لە بنەڕەتدا سەروژانرایی کاتێك ڕودەدات کە هێما یا ئاماژەکردن بۆ بەرنامەکانی زۆر زەق و ئاشکرا نەبێت، بەڵکو پێویستە وەرگر مەعریفەیەکی دەوڵەمەندی هەبێت لەبارەی ئەدەبیات و بەرنامەی تەلەفزیۆنی تاکو هەست بەو ئاوێزانە بکات. سەرۆژانرا (metagenericism)، هەڵوەشاندنەوە دەکات بەبێ ئەوەی فۆرمەکەی بگۆڕێت، "تێماکە شتێکی نوێیە، بەڵام فۆڕمەکە کۆنە" (Brooke Rose, 1983, 366). بەواتایەکی تر لە فۆڕمی بەرنامەکانی تر مژار یا تێمایەکی نوێ دروستدەکەن، بە مەرجێك فۆرمەکە نەگۆردرێت. ئەمە دەشێ بابەتێکی قوڵبێت کە مۆرکی کۆمەڵێك چەمکی تر وەك دەقئاوێزان (intertextuality) یان بەرهەمدزین(copycat) لەخۆبگرێت پێویستی بە قوڵبونەوەی زیاتر بێت، بەڵام لەم بەشەدا میدئاوێزان لەسەر چۆنیەتی بڵاوبونەوە ودەستاودەستکردنی بەرهەمەکانە لە ئامرازێکەوە ئامرازێکی تر، لە ژێر کاریگەری کولتوری بەرهەمهێنان کە لە ژێر چەتری کێبڕکێ توخمە میدیاییەکان نێو ژینگەی میدیاییدا فۆرمولە بوە، و لێرە دا مەبەستە لە هەردو ئامرازەکان تەلەفزیۆن و میدیا نوێیە.

### مۆدێلەکانی پەرەسەندنی فرەپەنجەرەیی:

پرسیاری بنەڕەتی جیاکردنەوەی تەلەفزیۆن لە میدیای نوێ جیا بکەینەوە تێگەیشتن لە سروشتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ناوەڕۆکەوە هەیە: یەکەمیان کە پێ‌دەوترێت ناوەڕۆکی خزمەتگوزاری یەکسەرە (linear) و ناوەڕۆکی خزمەتگوزاری ناهێڵی (nonlinear).

تەلەفزیۆن بە خزمەتگوزارییەکی یەکسەرە دادەنرێت (linear) بەوپێیەی یەکەم پەخشی بەرنامە لە کاتێکی دیاریکراو دەکات وگرنگ نییە چ پلاتفۆرمێك بەکادەهێنرێت بۆ تەماشاکردنی. گەرچی پلاتفۆرمەکانی تەماشاکردنی ناوەڕۆکی تەلەفزیۆن زۆرن (سەتەلایت، ئینتەرنێتی فراوانبەند، مۆبایل)، بەڵام ئەگەر شاشەی تەلەفزیۆن یەکەم پەخش بەرنامەکان بێت ئەوا خزمەتگوزارییەکی پەخشی یەکسەرە. ئەو خزمەتگوزارییە میدیانەی بە سیستەمی پەخشتی یەکسەرە کارناکەن، لەرێگەی میدیای نوێ ناوەڕۆك بەپێی خواست (VOD)، فەراهەم دەکەن. ئەم جۆرە ناوەڕۆکە کە زیاتر لە ڤیدیۆدا خۆیدەبینێتەوە لەسەر داواکاری دەکرێ لە هەر پلاتفۆرمێکدا پێشکەش بکرێت.کە خزمەتگوزارییەکانیان لە رێگەی پلاتفۆرمەکانی: (TVOD)[11] ، (SVOD)[12] و (AVOD)[13] پێشکەش دەکەن.

تەلەفزیۆن، ناوەڕۆك و بەرنامەکان بە هەردو خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، لە کاتێکدا کە خۆی لە جۆری یەکەم، و بە شێوەی یەکسەرە خزمەتگوزارییەکانی فەراهەم دەکات، لە هەمان کاتدا خۆی لەگەڵ جۆری دوەمیشدا گونجاندو بەگوێرەی هەردو میتۆدی (کرۆسمدیا) و (ترانس میدیا)، لە شوێنی تر ـ وێب سایت، شوسیاڵ میدیا، پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ـ ناوەڕۆکەکی بۆ وەرگرانی فەراهەم دەکات.

ئەم دو میۆدە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە میدیاییەکان، بە جۆرێک لە جۆرەکان بوژاندنەوەی بەرنامەکانە، کە بە هۆی میدیای ترەوە بەرفراوانتر دەبێت و بڵاودەبێتەوە. لە کاتێکدا میتۆدی (crossmedia) دەستکاری فۆرم و ناوەرکی بەرنامەکان ناکات بەڵکو وەك خۆی لە پلاتفۆرمەکانیتر پەخش دەکاتەوە، هەروەک چۆن بەرنامەکان بە هەمان قەبارە و ماوە لەسەر پلاتفۆرمە دیجیتاڵیەکان (VOD) و ڤیدیۆییەکان وەک (Youtube) و (dailymotion) ... تاد بڵاودەکرێنەوە. بەڵام (transmedia) دەستکاری بەفۆرم و ناوەڕۆك بەرنامەکان دەکات بەپێی پێکهاتە و تایبەتمەندی پلاتفۆرمەکان بەرهەم دەهێنرێتەوە، ئەم میتۆدەیان زیاتر بۆ تۆرە کۆمەڵایەتییەکان شیاوە وەک(Facebook)، (Tiktok) و(Instagram) ...تاد. زۆر کات ئەو دو تێرمە وەك هاواتای یەکتری بەکاردەهێنرێن، بەڵام لە بنەڕەتدا مانا و ئەرکی جیاوازیان هەیە.بەشێوەیەکی گشتی، دەکرێت بەم شێوەیە پۆلێنیان بکەین:

1. ( Crossmedia): یەك چیرۆك، کەناڵی زۆر
2. ( Transmedia): یەك جیهانی چیرۆکی، چیرۆکی زۆر، فۆرمی زۆر و کەناڵی زۆر
3. ( Multimedia): یەك چیرۆك، فۆرمی زۆر، یەك کەناڵ

ئەو گەشەسەندنە خێرایەی لە ناوەڕۆکی تەلەفزیۆندا ڕودەدات بەتایبەت بەرفراونکردنی بە ئاراستەی پەخشکردنی لە پلاتفۆرمەکانی تر، وای کردوە کە دەقی تەلەفزیۆنی پێویستی بە پێناسەیەکی بەرینتر هەبێت، پێناسەیەك کە مەودایەکی فراوانتر لە ئەزمون و کردەوە لە خۆ بگرێت کە ڕەچاوی ڕۆڵی وەرگری ئێستای تەلەقزیۆن بکرێت ( Caldwell,2006, 50–53). ئەم گەشەسەندنە شتێکی نوێ نییە،گەرچی فەراهەمکردنی ناوەڕۆکی تەلەفزیۆنی لە پلاتفۆرمەکانی تر بەتایبەت درامای تەلەفزیۆنی لەماوەی دە ساڵی ڕابردودا بە ڕێژەیکی بەرچاو زیادی کردوە، بەڵام خاڵی وەرچەخێنەر نەبون هەروەك بەشێك لە توێژەران ئاماژەی بۆ دەکەن(Evans, 2011; Gray, 2010).

لە بنەڕەتدا تێرمی ( ترانسمیدیا) وابەستەبو بە ناوەڕۆکی تەلەفزیۆنی، وەك میتۆدێك بۆ بەرکاهێنانەوەی بەرنامەی تەلەفزیۆنی پاش پەخشبونیان، بۆ ئەوەی لە شوێن و ئامێری ترەوە بڵاوبکرێتەوە. لەمبارەیەوە ئیڤان (Evan) ئەوە ڕون دەکاتەوە کە چۆن تێرمی (ترانسمیدیا) لە پیشەسازی تەلەفزیۆنیدا بەکارهاتوە وەك ئاماژەیەك بۆ "پراکتیزەکردنی بانگەشە

بازرگانی، وەرگرتن، بەرکاهێنانەوە، بەردەوامیدان بە بەرهەمی تەلەفزیۆنی. ئەوەش بە واتای ئەوە دێت کە ئەڵقەکانی دراما تەلەفزیۆنییەکان دەبنە خاڵی دەستپێکردنی هەلی تر بۆ گەیشتن بە وەرگر. دوای تەماشاکردنی بەرنامەکان لە پەخشی تەلەفزیۆنی وەرگر بانگهێشت دەکرێت بۆ پرۆسەیەکی زیاتری ئاوێتەبون بە بەرنامەکە کە بەشێکی لە مۆدێلی بەردەوامی دان بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکان(Evans, 2019) . ئەم پرۆسەیە لە کایەی ئەکادیمیای ئەوروپیدا بە چەندین پۆلێن و ناوی جیاواز ڕاڤەکراوە؛ برۆکەر(Brooker) بە سودوەگرتن لە چەمکی (Flow)ی ڕەیمۆند ویلیامز، ناویدەنێت (overflow)(Brooker,2001, 456–472) ؛ کاڵدوێل (Caldwell) بە میتۆدی بڵاوکردنەوەی پاش پەخشی یەکەم بە (شەفتی دوەم) ناودەبات، لە توێژینەوەکەی دا بەناوی (ئێستاتیکای شەفتی دوەم)[14] (Caldwell, 2003). توێژەری میدیای (Örnebring) بە هەمان شێوە لە ڕوانگەی جەوهەری دەقەکە لەم میتۆدە دەکۆڵێتەوە، ئەوە دەخاتەڕو کە چۆن وەرگرەکان لەم پلاتفۆرمەوە ئاراستەی پلاتفۆرمێکی تر دەکرێت دواجار هەموی لە دەوری یەك دەقی سەرەکی دەسوڕێتەوە کە سەرەتا لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە پەخشدەکرێت(Örnebring, 2007, 445–462). لە ڕاستیشدا ئەمە خۆی خاڵی دەستپێکە لە کارلێکی وەرگر لەگەڵ میدیادا، و هەمو ئەوانەش فاکتەری بانگەشەکارین بۆ ئەو بەرنامانەی سەرەتا لە تەلەفزیۆنەوە بڵاوبونەتەوە.

دەئاوێزان (Intermediality) لە میدیا کوردی دا هێشتا لەسەر بنەمای ئامراز بەرجەستەبوە، وەک میتۆدێک بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەم تەلەفزیۆنییەکان لە پلاتفۆرمی تردا؛ بەهەردو فۆرمی بەرنامەکان وەک خۆی، لە هەمان کاتدا دەستکاریکردنی فۆرم و ناوەڕۆک بەرنامەکان وەک ( قەبارەی وێنە، ماوە...تاد) بۆ گونجاندنیان لەگەڵ پلاتفۆرمی تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندایە بە دیاریکراویش، (ئیسنتاگرام، تیکتۆک، سناپچات) ئاسانترین نمونە (کرۆسمیدیا) لە کایەی بەرهەمە بینراو-بیستراوەکاندا وەرگرتنە (adaptations). لەم پۆلێنەدا، ماتریاڵەکانی وەك (دۆکیومێنتاری پشتی کامێرا، موسیقای وێنەیی، کۆمەڵە دیمەنی بەکارنەهاتو)ش ئەژماردەکرێن کە دەبنە بە بەشێك لە پرۆسەی بڵاوکردنەوەی کرۆسمیدیای) کە نە درێژکردنەوە، نە هیچ جۆرە گۆڕانکاری و زیادکردنێك، فۆرمێکی تر لە گێرانەوە بەرهەمەکە لەخۆناگرێت، بەڵکو بەشێکی پاڵپشتە بۆ چیرۆك یا تێمایی سەرەکی بەرهەمەکە. ئەم جۆرەش بەڕادەیەکی کەم لە کەناڵە کوردییەکاندا دەبینرێت؛ تاکە مەبەست بەرکاهێنانی سیستەمی فرەپەنجەرەیی لە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستاندا بڵاوکردنەوەی بەرنامەکان لە پاش پەخشی یەکەم لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە لە پلاتفۆرمەکانی تردا. بۆ خستنەڕوی ئەم گۆڕانکارییانە لە کولتوری بەرهەمهێنان وبڵاوکردنەوەی بەرنامەکاندا، ئەم توێژینەوە بە میتۆدی نمونەیی (Case Study)، لە ڕوانگەی سەمپلەوە دەچێتە خانەی ژینگەی مامناوەندە(meso) ، لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی یەك (دامەرازە، ڕێکخراو، دەستە...تاد) کە لێرەدا کەناڵی ئاسمانی کوردساتە، شیکارییەکی گشتگیر بۆ بەرنامەکانی ٢١ ساڵی ڕابردوی کەناڵەکە دەکات.

وێنەگرتنی بەرنامەکان بەپێی ژمارەی کامێرا


| پرۆسەی وێنەگرتن | | |
|---|---|---|
| یەکە | % | دانە |
| یەك كامێرا | ٣١,٥ | ٦٠ |
| دوو كامێرا | ١٣,٢ | ٢٥ |
| سێ كامێرا | ٣١,١ | ٥٩ |
| چوار كامێرا | ٨,٩ | ١٧ |
| پێنج كامێرا | ٥,٣ | ١٠ |
| زیاتر لە شەش كامێرا | ١٠ | ١٩ |
| كۆی گشتی | ١٠٠,٠ | ١٩٠ |

خشتەی (١) پەیوەستە بە زانیارییەکان دەربارەی پرۆسەی بینینسازی (visualisation)بەرنامەکان. بەپێی ئەنجامی شیکاری داتاکان پرۆسەی بینینسازی بەرنامەکاندا دابەش دەبێت بەسەر چەند پۆلێنکی جیاوازدا بە گوێرەی ژمارەی کامێرای بەکارهاتو بۆ وێنەگرتن کە لە (١) بۆ زیاتر لە (٦) کامێرا پێکدێت. ئەوەی جێی سەرنجە زۆرتری بەرنامە بە تەنها یەك کامێرا وێنەگیراون کە ڕێژەی (٣١,٥) کۆی گشتی بەرنامەکان پێك دەهێنن، بەڵام جیاوازییەکی زۆری نییە لەگەڵ سێ کامێرا کە ڕیزبەندی دوەمی تۆمارکردوە بە ڕێژەی (٣١,١). بێگۆمان سێ کامێرا بە ستانداری بەرنامەی گفتوگۆ دادەنرێت، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ژانری بەرنامەکان هەروەك لە خشتەکانی پێشودا هاتوە کە زۆرترین ژانرە بەرنامەکان چاوپێکەوتن و دیالۆگ بون. لە کاتێکدا تەنها ١٩ بەرنامە بە زیاتر لە شەش کامێرا وێنەگیراون کە دەکاتە ڕێژەی (١٠%) کۆی گشتی بەرنامەکان.

زۆری ژمارەی کامێرا یەکسانە بە زۆر گرتەکان، تا ژمارەی کامێرا زیاتر بێت ژمارەی گرتەکان زیاتر دەبێت و پرۆسەی دابەشکردن و فرەگۆشەیی زیاتر دەبێت، لەوەشدا تایبەتمەندی (fragmentation)مان بۆ دیاریدەکات. هەڵبەت (fragmentation) لە ڕێگەی دابەشکردنی شاشە تەکنیکە فەرهەمکردنی گۆشەی جیاوازە لە یەك بابەت یا چیرۆك. ئەم تایبەتمەندییە لە دیدی توێژەرانی بواری گەشەسەندنی میدیایی تایبەتمەندییەکی نوێ ناو ژینگەی میدیاییە، کە بە هەندێ توێژەر بە لاساییکردنەوەی یا هاوشێوەسازی Simulation یا ئێستاتیکایی تەلەفزیۆنی ناودەبرێت. هەر جۆرە تێرم و دەستەواژەیەک بۆ چەمکاندن و ڕاڤەکردنی ئەم تایبەتەندییە بەکاربهێنرێت هەمویان دواجار لە ژێر چەتری خۆگونجاندندا کۆدەبنەوە کە دواجار میدیاکان تایبەتمەند یەکتری بەرجەستە دەکەن.

گۆڕانکاری پرۆسەی وێنەگرتنی بەپێی ژمارەی کامێرا لەماوەی 21 ساڵی ڕابردودا

گرافی




هێڵکاری (١) تایبەت بەکارهێنانی ژمارەی کامێرا لە پرۆسەی وێنەگرتنی بەرنامەکاندا. بەپێی شیکاری داتاکان، زۆربونی میتۆدی فرە-کامێرایی(Multi-camera) لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا هێدی هێدی بەپێی تێپەڕبونی کات بەرزبوتەوە. هێڵکاری گرافەکە بەسەردو دو دەیەدا دابەشدەبێت، پرۆسەی بەرهەمهێنان لە دەیەی یەکەمدا بەشێوەیەکی گشتی لە نێوان یەك بۆ سێ کامێرەدایە، لە کاتێکدا لە 2010ەوە کە دەیەی دوەم دەستپێدەکات پرۆسەی فرەکامێرایی بۆ سەرو شەش کامێرا بەرزدەبێتەوە.

هەروەك تێبینی دەکرێت زۆری ڕێژەی ئەو بەرنامانەی بە یەك تا دو کامێرا وێنەگیراون لە ساڵانی سەرەتایی کەناڵەکە ڕەنگی داوەتەوە بە دیاریکراویش لە نێوان 2000 ـ 2005 کە کەرەستە و توانستە تەکنیکییەکانی کەمبون. لە ناوەڕاستی 2005 ـ 2008 ژمارەی کامێرا بۆ سەرو سێ کامێرا بەرزبوتەوە، بەڵام دواتر دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە. پرۆسەی وێنەگرتنی بە(5) کامێرا لەنێوان ساڵانی 2010 و 2011 بەدیدەکرێت، کە لەو ماوەیەدا بەرزبونەوەیەکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبێنێت. بەرزترین ڕێژەی فرە کامێرایی لە نێوان ساڵانی 2017 و 2020 دایە کە لە هەندێ حاڵەتدا پرۆسەی وێنەگرتنی بەرنامەکان 6 کامێرایی تێپەڕاندوە.

فرەکامێرایی لە پرۆسەی وێنەگرتن دا وابەستەیە بە ژانری بەرنامەکان، و وەك بەشێك لە ماکی(element) گەشەسەندن و کێبڕکێی ژینگەی میدیایی بەردەوام لە زیادبون دایە. هەروەك تێبینی دەکرێت، پرۆسەی وێنەگرتنی فرەکامێرایی لەو ساڵەندا بەرزترین ئاستی تۆمارکردوە کە سەرەتایی هاتنە ناوەوە توخمە نوێیەکانی میدیایە بەتایبەت (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پلاتفۆرمەکانی ستریمین...تاد). لە کاتێکدا کە ساڵانی پێش هاتنی توخمە نوێیەکان هێشتا تەلەفزیۆن

لەژێر کاریگەری ڕێسا و ڕێزمانی توخمەکانی پێش خۆی کاری دەکرد، ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەریەش بەسەر پرۆسەی بەرهەمێنانی بەرنامە دیارە. هەمومان ئەو جۆرە دراما کلاسیکانەی سالآنی دەستپێکی تەلەفزیۆنمان بیرت دێت کە لە چەشنی شانۆ تەنها لە یەك دیدگا (کە لە شانۆدا پێی دەوترێت دیواری چوارەم) دیمەکانیان دەگواستەوە، پرۆسەی بینینسازییەکە هەمان ئەو کەشەیان دروستدەکرد کە کەسی بەردەم شانۆ دەبینی.

### تایبەتمەندی شاشەی دابەشکراوە (Split-Screen)


لە خشتەی (٢)دا، ڕێژەی ئەو

| دابەشکردنی شاشە | | |
|---|---|---|
| برگە | % | دانە |
| نەخێر | ٧٦,٣ | ١٤٥ |
| بەلێ | ٢٣,٧ | ٤٥ |
| کۆی گشتی | ١٠٠,٠ | ١٩٠ |

بەرنامانە خراونەتەڕو کە تەکنیکی دابەشکردنی شاشەیان ئەنجامداوە، کە لە هەردو پرۆسەکانی وێنەگرتن ومۆنتاژ دا جێ بە جێ دەکرێت ؛ پەیوەستە بە گۆشە و گرتەی جیاواز. بەپێی ئەنجامی شیکاری داتاکان، بەشێ زۆری بەرنامەکان ئەم تەکنیکەیان بەکارنەهێناوە، ژمارە ئەو بەرنامانەی ئەم تەکنیکە لەخۆناگرێت ڕێژەی (٧٦,٣%) بەرنامەکان پێکدەهێنن، لە کاتێکدا تەنها (٢٣,٧%) بەرنامەکان پەیڕەویانکردوە کە بەراورد بە مێژو کەناڵەکە و ژمارەی بەرنامەکان ڕێژەیەکی کەمە. تەکنیکی دابەشکردنی شاشە یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەردەمییەکان کولتوری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی لە لایەك بە تایبەتمەندییەکی پۆست مۆدێرنیزمە دادەنرێت بەوە لە یەك کاتدا چەند وێنە، گۆشە، گرتە، پرس و بابەتەکان دەخرێنەڕو. لە هەمان کاتدا بە جۆرێ لە جۆرەکان وابەستە دەکرێت بە ئیستاتیکای تەلەفزیۆنی پاڵنەرە بەهێزەکان بۆ تێرکردنی چاوی وەرگر بە گرتە جوراجۆرە، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندییەکی سەردەمیانەی ژینگەی نوێی میدیاییەوە هەیەو بەتایبەت تایبەتمەندی میدیای پاش تەلەفزیۆن و کەمبونی پانتایی سەرنجدانی وەرگر بۆ بەرهەمەکان.

**گۆڕانکاری تایبەتمەندی (Split-Screen) لە ماوەی ٢١ ساڵی ڕابردودا**

گرافی هێکاری (٢) تایبەت بە





ڕەنگدانەوەی بە تەکنیکی دابەشکردنی شاشەی (Split Screen) کە یەکێکە لە ماکە بنەڕەتییەکانی تایبەتمەندی پارچەپارچەکردن (fragmentation). تەکنیکی دابەشکردنی دیمەنەکانی بەرنامە هەروەك لە شیکاری داتاکاندا هاتوە، ئەم تەکنیکە لە کولتوری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆندا تایبەتمەندییەکی نوێ لە سەرەتاکانی کارکردنی کەناڵی کوردساتدا نەبوە. لە کۆتایی 2007دا هێدی هێدی دەستپێدەکات هەرچەندە کێرڤەکە لە هەڵکشان و داکشان دایە بەڵام بەردەوام بەئاراستەی بەرزبونەوەدایە. ئەم تەکنیکە کە بەشێکە بە پرۆسەی جێ بەجێ‌کردن و مۆنتاژ بەهۆی پرۆسەی فرەکامێراییەوە فەرهەم دەبێت لە ناوەرستی ساڵی 2012 دا بەرزبونەوەیەکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت؛ گەرچی کەمێك کێرڤەکە دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام دواتر دەگاتە ئاستی ئەوەی لە زیاتر لە 20 بەرنامەدا بەرکاربهێنرێت.

بەهۆی سەرهەڵدانی توخمە میدیاییەکانی و کێبرکێ نێو ژینگەیی میدیای دا نەك تەنها پرۆسەی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکان دابەشکرد بۆ سیستەمی فرەپلاتفۆرمی، ناوەڕۆکی دابەشکردن بۆ مەرتریاڵ کورتماوە، بەڵکو تەکنیکی بینینسازی بەرنامەکانیش گۆڕانکاریی بەسەردا هات. ئەم جۆرە تەکنیکە لە (fragmentation) کە لەڕێگەی دابەشکردنی شاشەوە بۆ چەند بەشێك جێ‌بەجێ دەکرێت، لە دەستپێکی دەیەیەی دوەمی کەناڵی کوردسات لەئاشکرا بەسەر بەرنامەکاندا دیارە، ئەم تەکنیکە هەروەك مانۆڤیچ بە تەکنیکی تەکنەلۆژیای نوێیەکان ناوی دەبات لەسەرەتای سەشتەکاندا لە سینەمادا بەکاردەهات بە تایبەت لە گرتەی تەلەفۆنی (گفتۆگۆی نێوان دو کاراکتەر)، بەڵام ئێستا وەك بەشێك لە ئێستاتیکای میدیایی، ژینگەی فرەپەنجەرەیی باڵی بەسەر بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا کێشاوە. ئەم تەکنیکە کە پێشتر لە "مۆنتاژی شوێن . "Space بەکاردەهێنرا بۆ فەرهەمکردنی دیمەنی دو/چەند شوێنی جیاواز لە یەك کاتدا (Manovich, 2002) ئێستا لەبواری تەلەفزیۆنیدا بۆ فەرهەمکردنی گۆشەی جیاوازە بۆیە لە کولتوری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی دا وابەستەیە بە ژمارە کامێرای بەکارهاتو لە وێنەگرتنی دیمەکەدا (Eisenstein & Leyda, 2014). ئەگەر بەراوردیەك بکرێت لەگەڵ

گۆڕانکاریی پرۆسەی وێنەگرتنی فرەکامێرایی ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە تا ژمارە کامێرا زیاتر بوبێت تەکنیکی دابەشککردنی شاشەی زیاتر بوە.


**سیستەمی فرەپەنجەرەیی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکان بە هەمان فۆرم وناوەڕۆکەوە**




گرافی (٣) تایبەتە بە پەیرەوکردنی سیستەمی فرەپەنجەرەیی لە پەخش/بڵاوکردنەوەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان لە جۆری (Cross Media)[15] ، لە پلاتفۆرمە ئینتەرنێتییەکان بە سیستەمەکانی ( OTT, Streaming, VOD) ڕێگەدەدەن بەرنامەکان بە هەمان فۆرم و ناوەڕۆک بڵاوبکرێنەوە. بەپێی ئەنجامی شیکاری داتاکان ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە تەنها ڕێژەیەکی کەم لە بەرنامەکان بەدەر لە شاشەی تەلەفزیۆن بەردەوام لە پلاتفۆرمەکانی تر بڵاودەبنەوە، لە چەشنی وێب سایت، یوتیوب، یان هەر جۆرە پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵی. لە کۆی بەرنامەکانی کەناڵەکەدا تەنها (19)یان بە بەردەوامی لەو پلاتفۆرمانە پەخشدەکرێن کە دەکاتە ڕێژەی تەنها (10%) بەرنامەکان. لەبەرامبەر دا (85.3%) بەرنامانەکان بە هیچ شێوەیەك لەو پلاتفۆرمانە بڵاونەبونەوە. لە بەرامبەر دا بەشێك لە بەرنامەکان هەندێ جار لەو پلاتفۆرمانە خۆیان کە ڕێژەی تەنها (4.7%) بەرنامەکان پێك دەهێنن.

ئەو پلاتفۆرمانەی بۆ ئەم سیستەمە بەکاردەهێنرێن بریتین لە ( Youtube، Blogs، website، Digital streaming Platforms....تاد)، کە ڕێگە دەدات بەرنامەکە وەك خۆی بە هەمان ماوە ئەپلۆدبکرێ.


گرافی




هێڵکاری(٤) شیکاری داتاکان تایبەتە بە پەیرەوکردنی سیتسەمی بڵاوکردنەوەی فرەپەنجەرەیی لە ماوەی21 ساڵی ڕابردودا لە کەناڵی کوردسات. بەگوێرەی ئەنجامەکان، مێژوی پەیرەوکردنی ئەم جۆرە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکان دەگەرێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی 2009 کە یەکەم پلاتفۆرم وێب سایتی فەرمی کەناڵەکە بو کە بەشێك لەبەرنامەکان لەسەری پەپلۆد دەکران. بەڵام پشت بە بەستن سیستەمەکانی (OTT, Streaming, VOD) وردەوردە ئەو ڕێژەیە زیاتر دەبێت. بەرزترین ئاستی پەیرەوکردنی ئەم جۆرە فرەپەنجەرەییە لە دو ساڵی جیاواز دا بوە ساڵی 2017 و ساڵی 2019، بەو ڕێژەیەکەش تا ساڵی 2021 بەردەوامبوە. بەرزبونەوەی کێرڤەکە لە ساڵی 2005 پەیوەندی بە مێژوی یەکێك لەو بەرنامانەی هەیە کە تا ئێستا بەردەوامە و ئێستا لەسەر پلاتفۆرمەکانی تر بڵاودەکرێتەوە. ئەم میتۆدە لە بڵاوکردنەوە بەرنامەکە هەرگیز جێگیرنەبوە، بەڵکو لە هەندێ ساڵدا لە ئاستێکی بەرزدایە و لە ساڵی تر دا دابەزیوە.


سەرهەڵدانی پلاتفۆرمی ستریمین کولتوری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی باوی گۆڕاوە، ئەم پلاتفۆرمانە بۆ خۆی پیشەسازییەکە کە لەگەڵ مۆدێلە نوێیەکانی بڵاوکردنەوە خۆی گونجاندوە، هەر ئەمەش بوتە هۆی هاتنەدی گۆڕانکاری لە ژانر و فۆرماتی ناوەرۆك، ستراتیژییەکانی بڵاوکردنەوە و نەریتە باوەکانی گێرانەوەی تەلەفزیۆنی. بڵاوکردنەوەی بەرنامە بەهەمان قەبارەی ڤیدیۆ و ماوەی بەرنامەکان لە پلاتفۆرمەکانی مێژویەکی درێژتری هەیە لە چاو سیتسەمەکانی تر. ئەم میتۆدە هیچ گۆڕانکارییەك وەك درێژکردنەوە، و فراوانکردن لە ناوەڕۆکدا ناکات، بەڵکو بەرنامەکان وەك خۆی لە پلاتفۆرمی ترەوە بە ئامانجی گەیشتن بە بینەری زیاتر دوبارە بڵاودەکرێنەوە. کەناڵی کوردسات بەدەر بە وێب سایتی فەرمی و ستریمین پلاتفۆرمی (Kurdbin)، بەرنامەکانی لە پلاتفۆرمە ڤیدیۆییەکانی وەك (Youtube)بڵاودەکاتەوە.

سیستەمی فرەپەنجەرەیی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکان دوای دەستکاریکردنی فۆرم و ناوەڕۆک




گرافی (٥) جۆرێکی تر لە پەیرەوکردنی سیستەمی فرەپەنجەی بۆ بڵاوکردنەوەی بەرنامەکان ئەویش میتۆدی (Transmedia)، بەپێی ئەنجامی شیکاری داتاکان، پەیرەوکردنی ئەم سیستەمە لەلایەن کەناڵی کوردساتەوە زۆر کەمترە لە جۆری یەکەم. ڕێژەییەکی زۆر کەم لە بەرنامەکان بە گوێرەی ئەم سیستەمی لە پلاتفۆرمەکانەوە بڵاودەکرێنەوە، چونکە ڕێژەی ئەو بەرنامانەی بەپێی سیتسەمی ترانس میدیا بڵاو ناکرێنەوە دەکاتە (90.9%) و تەنها (15) بەر دەوامی بەو میتۆدە فرەپەنجەرەیی لە پلاتفۆرمانەکانی تر بڵاوکراونەتەوە کە دەکاتە ڕێژەی تەنها (7.9%) لە کۆی گشتی بەرنامەکان. ئەوەی جێێ سەرنجە تەنها (2%) بەرنامەکان هەندێ جار لە پلاتفۆرمەکان بەم سیتسەمە بڵاودەکرێنەوە.

پرۆسەی فرەپەنجەرەیی بە سیستەمی (ترانس میدیا) جۆرێکە لە بواژندنەوەی بەرنامەکان بەوپێەی بە بەرگێکی تر و لە پەنجەرەیەکی ترەوە خۆی دەگەیەنێت بە وەرگر و بەپێچەوانەی جۆری یەکەم، دەستکاری فۆرم و ناوەڕۆکی بەرنامەکە دەکرێت هەندێ جار بەشێکی کەمی لێ بڵاودەکرێتەوە. ئەم جۆرە کەمتر ڕێگەدەدات بەرنامەکان بە هەمان قەبارەی ڤیدیۆ (ئاسۆی ـ Ratio 16:9) بڵاوبکرێتەوە بەڵکو بەشێوەی (ستونی ـ Vertical) بە ڕەچاوکردنی شێوە و قەبارەی مۆبایل و بەپێی (Ratio)ی جیاوازی پلاتفۆرمەکان بڵاودەکرێنەوە[16] لە هەمان کاتدا ڕەچاوکردنی ماوەی ڕێگەپێدراوی ڤیدیۆکان بۆ نمونە لە هەندێ پلاتفۆرم دا ماوەی ڕێگەپێدراو تەنها 10 چرکەیە.




**گۆڕانکاری سیستەمی فرەپەنجەرەیی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکان لە ماوەی ٢١ ساڵ دا (Transmedia)**

لە هێڵکاری (٦) دا گۆڕانکاریی سیستەمی فرەپەنجەرییمان بۆ دەخاتەڕو کە یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی (fragmentation) و بەرنامەکان پارچەپارچە دەکرێن و بەشەکانی لە پلاتفۆرمی تر بڵاودەکرێنەوە. ئەم جۆرە لە سیتسەمی فرەپەنجەرەیی تایبەتە بەو پلاتفۆرمانەی بەرنامەکان وەك خۆی بە هەمان قەبارە و ماوە وەرناگرێن، بەڵکو بە فۆرمێکی تر لە قەبارەی ڤیدیۆ و ماوە مۆنتاژ دەکرێنەوە، بە واتایەکی تر بە بەرگی ئەو پلاتفۆرمانە دەدورێنەوە. بەپێی شیکاری داتاکان تا ساڵی 2015 ئەم میتۆدە بڵاوکردنەوە لە کەناڵی کوردسات فەراهەم نەبوە، هۆکاری ئەوەی لە 2005 و 2011 ئەو کێرڤە بەرزبوتەوە، نەك لەو ساڵەدا هەبوە بەڵام بەرنامەکە لەو ساڵەدا دەستپێکردوە و تائێستا بەردەوامن. لە پاش سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوبونەوەیان لە هەرێمی کوردستان، پەنابردن بۆ سکرینەکانی تر بۆ بڵاوکردنەوەی مەتریالی تەلەفزیۆنی دەستپێکرد، لە کەناڵی کوردسات بە دیاریکراوی لەساڵی 2015 بە هێواشی دەستپێکردوە کە چەند بەرنامەیەك لەو پلاتفۆرمانە فەراهەمبون، بەڵام لە دوای ساڵی 2016ەوە بەرزبونەوەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە دەبینێت و دەگاتە ترۆپك، ئیدی کێرڤەکە بە هەڵبەز ودابەزێکی کەمەوە بەردەوام دەبێت گەرچی لە ساڵی 2019 کەمبونەوەیەکی تر بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام دواتر لە دوای ساڵی 2020ەوە بەرزبوتەوە.

**دەرەنجام:**

1. گۆڕانکارییەکانی گەشەسەندنی میدیایی، ئامرازە میدیاییەکان ناچاردەکات تایبەتمەندی نوێ بەرجەستەبکەن، لە هەمان کاتدا میدیای کۆنباو ناچار دەکات شوێنپێی ئامرازە نوێیەکان بکەوێت.

2. کێبڕکێی نێوان توخمەمیدیاییەکان ( بەزمانی تیوری گەشەسەندن) کاریگەری دەکاتە سەر تەلەفزیۆن بۆ پەیرەوکردنی تایبەتمەندی نوێ، وەک بەرجەستەکردنی دابەشکاری وپارچەپارچەکردن (Fragmentation) هەم لە گەیاندنی ناوەڕۆکدا هەم وەک ئێستاتیکای میدیایی.
3. پەنابردنی تەلەفزیۆن بۆ پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ئەلترناتیڤێکی ناچارییە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ڕینگەی میدیایی.
4. پێش سەرهەڵدانی توخمە نوێیەکان(پلاتفۆرمی ڤیدیۆیی، (VOD)، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)، بەشی زۆری بەرنامەکان بە یەک تا سێ کامێرا وێنەگیران، زۆری ژمارەی کامێرا یەکسانە بە زۆری گرتەوگۆشە، ئەوەش پاڵنەری سەرەکی بەرجەستەبونی ئێستاتیکای شاشەی دابەشکراوە.
5. لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پرۆسەی بەرهەمێنان دا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠١٠ (%٧٦٫٣) بەرنامەکان بێبەریبون لە تایبەتمەندی (split-screen)، بەڵام لە ناوەڕستی ساڵی 2012 دا بەرزبونەوەیەکی بەرچاو بەخۆیەوە بینیوە تا ئاستی ئەوەی لە زیاتر لە 20 بەرنامەدا بەرکابهێنرێت.
6. میدیا ئاوێزان لە کەناڵی کوردسات دا لە سەر بنەمایی ئامراز بەرجەستەبوە، مۆدێلێک کە شیاوە بۆ بڵاوکردنەوە و دەستاودەستکردنی بەرنامەکان لە میدیایەکەوە بۆ میدیایەکی تر؛ بەشێک لە بەرنامەکانی پاش پەخشبونیان لە سەرشاشە (شەفتی یەکەم) لەپلاتفۆرمەکانی تر فەراهەم دەکرێن.
1. کەناڵی کوردسات لە بەرجەستەکردنی سیستەمی فرەپەنجەرەیی، زیاتر لەو پلاتفۆرمانە بەرنامەکانی بڵاودەکاتەوە کە ڕێگەی دەدەن بە هەمان هەمان فۆرم و ناوەڕۆک بڵاوبکرێنەوە وەک (Youtube)، لە هەمان کاتدا لەسەر پلاتفۆرمی (کوردبین kurdbin.net) ی کە پلاتفۆرمی دیجیتاڵی فەرمی کەناڵەکەیە، بەشێکی زۆر لە بەرنامەکانی بڵاودەکاتەوە.
2. گۆڕانکاریی سیستەمی فرەپەنجەریی ئەوەمان بۆ دەخەنەڕو، کە کەناڵی کوردسات پەیتا پەیتا خۆی لەگەڵ میتۆدی (transmedia) گونجاندوە وبەرنامەکانی بە کەمێک دەستکاریکردن ناوەڕۆک (کورتکردنەوەی ماوەکەی) و فۆرم (گۆڕاندنی قەبارەی وێنە) لە تورە کۆمەڵایەتییەکان بەدیاریکراویش (فەیسبوک، ئینستاگرام، تیکتۆک) بڵاودەکاتەوە ؛ هەرچەندە ئەم هەوڵەشی درەنگ وەخت بو، بە تایبەت کە تا ساڵی ٢٠١٥ تەنها (19) بەرنامە کە دەکاتە تەنها ڕێژەی (10%) کۆی گشتی بە بەردەوامی لەو پلاتفۆرمانە بڵاودەکرانەوە.

**ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:**

- پێویستە کەناڵە کوردییەکان خۆیان زیاتر لەگەڵ سیستەمی فرەپەنجەرەییدا بگونجێنن بەتایبەت گۆڕاندنی ناوەڕۆک بەپێی پلاتفۆرم.
- پێویستە کەناڵە کوردییەکان پشت بە کەرەستە تایبەتەکانی نوێ بەرهەمهێنان ببەستن کە ڕەچاوی تەکنیک و تایبەتمەندی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بکات بۆ ئەوەی لە یەک کاتدا بەرنامەکان لە شاشە و لە پلاتفۆرمەکان بڵاوببنەوە.
- لە پاڵ تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، پەرەی زیاتر بە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانی وەک (ناوەڕۆک بەپێی خواست – VOD) بدرێت و سەرجەم بەرنامەکان فەراهەم بکات.

**پێشنیارەکانی توێژینەوە:**

- پێشنیار دەکەن توێژەرانی میدیای بایەخی زیاتر تیۆرەکانی گەشەسەندن بدەن ؛ بە هەمان شێوە کایەکانی کەلتور و ئەدەب و هونەر بەدوای مۆدێل و ڕێبازی نوێی بوارەکە بگەڕێن.
- پێشنیار دەکەم، بایەخی زیاتر بە میتۆدی لێکدراوەی بدرێت لە بوارەی توێژینەوەی میدیاییدا.
- پەرەی زیاتر بە توێژینەوەی کولتوری بەرهەمهێنانی میدیا بدرێت، هەگبەی توێژینەوەکانی تەنها توێژینەوەکان لە بوارەی وەرگر و ناوەڕۆک قەتیس نەکرێن.
- توێژینەوە لەسەر گەشەسەندن و کەلتوری بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی میدیای بکرێت.

**سەرچاوەکان:**

Syvertsen, Trine. 2003. ‘Challenges to public television in the era of convergence and commercialisation’. Television and New Media 4 (2): 155-175.
Jenkins, Henry. 2006. Convergence culture. Where old and new media collide. New York and London: New York University Press.
Katz, Elihu and Paddy Scannell (eds.). 2009. ‘The end of television? It’s impact on the world (so far)’. Special edition of The Annals of the American Academy of Political and Social Science: 625. Thousand Oaks: Sage
Curtin, Michael. 2004. ‘Media capitals: Cultural geographies of global TV’, in Television after television: Essays on a medium in transition, L. Spigel and J. Olssen (eds.). Durham and London: Duke University Press
Turner, Graeme and Jinna Tay (eds.). 2009. Television studies after TV: Under1standing television in the post-broadcast era. London and New York: Rout1ledge.
Uricchio, William. 2004. ‘Television’s next generation: Technology/interface/ flow’, in Television after TV: Essays on a medium in transition, L. Spigel and J. Olsson (eds.). Durham and London: Duke University Press
Mellencamp, P. (1990). *Logics of Television: Essays in Cultural Criticism*. Indiana University Press.
Williams, R., & Williams, E. (2003). *Television: Technology and Cultural Form*. Routledge.
Bolter, J. D., & Grusin, R. (1999). *Remediation: Understanding New Media*. MIT Press.
Jenkins, H. (2008). *Convergence Culture: Where Old and New Media Collide*. NYU Press.
Herkman, J. (2012). *Intermediality and Media Change*. Tampere University Press.
Scolari, C. A. (2009). The grammar of hypertelevision: An identikit of convergence-age fiction television (or, how television simulates new interactive media). *Journal of Visual Literacy*, *28*(1), 28–50.
Scolari, C. A. (2023). *On the Evolution of Media: Understanding Media Change*. Taylor & Francis.
Scolari, C. A. (2013). Media evolution: Emergence, dominance, survival and extinction in the media ecology. *International Journal of Communication*, *7*, 24.
Parry, R. (2011). *The Ascent of Media: From Gilgamesh to Google via Gutenburg*. John Murray Press.
*The Moral Economy of Web 2.0 (Part Three)—Pop Junctions*. (2008, March 21). Henry Jenkins. http://henryjenkins.org/blog/2008/03/the_moral_economy_of_web_20_pa_2.html
Bizzocchi, J. (2009). The fragmented frame: The poetics of the split-screen. *La Web Del Massachusets Intiture of Technology. Http://Web. Mit. Edu/Commforum/Mit6/Papers/Bizzocchi.Pdf*.
Blake, J. (2016). *Television and the second screen: Interactive TV in the age of social participation*. Routledge.
Caldwell, J. T. (2003). Second-shift media aesthetics: Programming, interactivity, and user flows. In *New Media* (pp. 127–144). Routledge.
Benshoff, H. M. (2016). *Film and Television Analysis: An Introduction to Methods, Theories, and Approaches*. Routledge.
Scolari, C. A. (2009). *The grammar of hypertelevision: an identikit of convergence-age fiction television (or, how television simulates new interactive media)*. Journal of Visual Literacy, 28(1), 28-50.
Rajewsky, I. O. (2005). Intermediality, intertextuality, and remediation: A literary perspective on intermediality. *Intermédialités*, *6*, 43–64.
Marchiori, D. (2013). Media Aesthetics. *Preserving and Exhibiting Media Art*.
Bolter, J. D., & Grusin, R. (1999). *Remediation: Understanding New Media*. MIT Press.
Brooke-Rose, C. (1981). *A Rhetoric of the Unreal: Studies in narrative and structure, especially of the fantastic*. Cambridge University Press.
Evans, E. (2011). *Transmedia television: Audiences, new media, and daily life*. Routledge.
Brooker, W. (2001). Living on Dawson’s Creek: Teen viewers, cultural convergence, and television overflow. *International Journal of Cultural Studies*, *4*(4), 456–472.
Örnebring, H. (2007). Alternate reality gaming and convergence culture: The case of Alias. International Journal of Cultural Studies, 10(4), 445-462.

**پەراوێزەکان**

[1] . Ontology: بوونناسی یا هەبوونناسی

[2] . VOD (Video on-demand)

[3] Television Logics.

[4] Television Logics.

[5] . کارلۆس ئەڵبێرتۆ سکۆلاری (carlos alberto scolari) توێژەری بواری گەشەسەندنی میدیایی، لە زانکۆی (Pompeu Fabra) دوایین کتێبی ( On the Evolution of Media: Understanding Media Change)

[6] . (thumbnail): وێنەیەکی بچوکی گرافیکییە کە لەسەر شاشەی وێباسیتەکان دەرکەوێت و دوای کلیککردن لەسەر زانیاری زیاتر فەرهەم دەکات. قەبارەی وێنەیەکە هێندەی پەنجە گەورەی دەست دەبێت هەر بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە. ئەم تایبەتمەندییە لە تەلەفزیۆندا زیاتر بۆ ڕێکلامکردن بۆ بەرنامەی داهاتو بەکاردەهێنرێت.

[7] . تیکەر(Ticker): لە بنەڕەتدا تایبەتمەندییەکی تێلگرافییە کە لەسەر باریکە یا تیزماڵکە کاغەز زانیاری و هەواڵ و شت چاپ دەکرد. دواتر لەلایەن تەلەفزیۆنەوەوە بەکارهێنرا بۆ گواستنەوە کورتە هەواڵەکان.

[8] . (spin-off) بەرنامەیەکی ڕادیۆیی، تەلەفزیۆنی یان فیلم، ڤیدیۆ گەیم یاخود هەر کارێکی تری فۆرمی گێرانەوەیی کە لە کارەکانی پێش خۆی وەرگیراوە بە گۆڕانکاری و جیاوازییەکی کەم لە کارە ڕەسەنەکە وەک بەرهەمێکی سەربەخۆ بڵاودەکرێتەوە

[9] . پۆستمۆدێرنیزم چەمێکە کە بۆ وەسفکردنی گۆڕانکارییە سۆسیۆ-کولتورییانە یا سەردەمێکی مێژوویی بەکاربهێنرێت کە تێیدا ڕویانداوە، بەڵام لە هەمان کاتد بۆ بۆ وەسفکردنی ئیسکاتیکا بەکاردەهێنرێت کە تەلەفزیۆن بەدەر نییە لەو گۆڕانکارییە کولتوری و ئێستاتیکیانە

[10] . لێرەدا وشەی (reference) بە واتای مەرجەع دێت نەك سەرچاوە. کە لە کرمانجی سەرودا بەتایبەت ناوچەی بادینان پێیدەوترێت (لێڤەگەڕ). توێژەر

[11] . کوتکراوەی (Transactional Video on demand) پارەدانی ڕاستەوخۆ بەرامبەر تەماشاکردن/بەکاربکردنی هەر بەرهەمێك. وەک (Apples iTunes)

[12] . کورتکراوی (Subscription Video on demand) میتۆدی بەشداریکردن لە خزمەتگوزاری ڤیدیۆ بەپێی خواست لە ڕێگەی بەشداری مانگانە. وەک (Netflix)، (Sky) و (Comcast)

[13] . کورتکراوی (Adversarial Video on demand) بەشداریکردن بێ بەرامبەرە بەڵام تەماشاکردنی ڕیکلامە بازرگانییەکان ناچارییە، وەک ( Youtube) و (Dailymotion) و (Tubi TV).

[14] . دەستەواژەی (شەفتی دوەم -Second Shift) وەك مانا ڕاستەقینەکەی بەکارهاتوە لە پاش شەفتی یەکەم کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن پەخش دەکرێت، شەفتی دوەم لە ئینتەرنێت و لەسەر وێبسایت و بلۆگەکان بڵاودەبێتەوە. جۆن کاڵدوێل ئەوە دەخاتەڕو کە چۆن ئەم پڵاتفۆرمەی ئینتەرنێت کە ئەو ناویان دەنێت (تی ڤی دۆت کۆم ـ TV.dot.com) دەبنە ڕێخۆشکەر بۆ ئەوەی ئەم بەرنامانە لە پلاتفۆرمێکەوە بۆ پلاتفۆرمێکی ترەوە بگوازرێتەوە وسود و قازانجی هاوبەش بۆ هەردو لایەن هەم بۆ بەرهەمهێنەر و بۆ وەگریش هەبێت.

[15] . (Cross media and transmedia) دو چەمکی زۆر نوێن لە ناو پیشەسازی میدیایی دا بە تایبەت کولتوری تەلەفزیۆنی، هەردو چەمکەکە هێمان بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی میدیاییەکان بۆ گێرانەوەی چیرۆکێك یان گەیاندنی پەیامێك. ترانسمیدیا ئاماژەیە بۆ دروستکردنی جیهانی چیرۆك/ ناوەرۆك کە لە بە فۆرمی میدیای جیاوازدا درێژەی پێدەدات وبڵاودەبێتەوە، وەك کتێب، فیلم، یاری، پۆدکاست، کۆمیك و سۆشیال میدیا.لە بەرامبەردا کرۆسمیدیا ئاماژەیە بۆ پرۆسەی گۆڕاندن (Adaptation)، فۆرمەلەکردنەوە، دوبارەکردنەوەی هەمان چیرۆکێك یان ناوەڕۆك لە پلاتفۆرمە میدیاییە جیاوازەکاندا، وەك گۆڕینی کتێبێك بۆ فیلم، یان فیلمێك بۆ یاری. هەر پلاتفۆرمێك ئەزمونێکی هاوشێوە یان تەواوکەر پێشکەش بە بینەر دەکات، بەڵام توخمە نوێیەکان بۆ گێرانەوەکە زیادناکات. لێرەدا بەشێك لە پلاتفۆرمەکان ناوەرۆکی تەلەفزیۆنی بە فۆرمێکی ترەوە پێشکەش دەکەنەوە، لە چەشنی، سناپچات، ئیسنتراگرام، فەیسبوك ....تاد

[16] . X&facebook portrait 4:5 - X&facebook landscape 5:4
Instagram Story 9:16
Snap 9:16
Tiktok 9:16